www.gulan-media.com

# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

## یەکڕیزی نێوماڵی کورد و یەکگرتوویی خیتابی سیاسی

## ئەرکی سەرەکی قۆناخی ئینتیقالی و چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانمانە







وەفا حەرەکە:
بەکارهێنانی زێڕ بۆ هونەرمەندان کارێکی زەحمەتە


پ. شارۆن لێنزەی: سیستمی پارێزی کۆمەڵایەتی لە جیهاندا ساڵ بە ساڵ فراوانتردەبێت


د.ئەردەڵان حوسێن بەرزنجی:هەموو کرانەوەیەکی قوڕگ هەوکردنی لەوزەکان نییە


سۆران ئیبراهیم خەیات:
هەندێ هونەرمەند ناتوانن بەڕاشکاوانە قسە بکەن


ماچی پاشا


سەرنجراکێشترین کراس لە وەرزی هاوین


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
MANAGING EDITORS
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د.عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)



# نوێبوونەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان و خۆئامادەكردنی بۆ ئەركەكانی ئاینده

## مستەفا بارزانی بڕیاری سیاسیی چارەنووسسازی لە ژووره داخراوەكانەوه گواستەوه بۆ ناو میللەت

كە دەڵێین دیموكراتی پێویستی بە پارتی سیاسیی بەهێز هەیە، ئەمە بەو مانایە نییە دەبێت پارتی دیموكراتی كوردستان بەو مانایە بە هێز بێت كە پارتە رۆژهەڵاتیەكان بۆ بەهێزی پارتەكانیان چەمكی بەهێزیی بەكاردەهێنین، بۆیە لەم راپۆرتە چەمكی بەهێزیی بۆ حزبی سیاسیی بەگشتی و پارتی دیموكراتی كوردستان بەتایبەتی، بەو مانایە بەكار دەهێنین، واتە دەبێت پارتی دیموكراتی كوردستان وەك چۆن بە درێژایی ٦٣ ساڵ تەمەنی كاری پارتایەتی و پێشرەوایەتیكردنی لە شۆڕش و بزاڤی رزگاریخوازی كوردستان هەموو كات لە رێزی پێشەوە بووە، ئەوا دەبێت بۆ ئەمرۆش كە قۆناخێكی دیكەیە، دیسان ئەم بەهێزی و پێشرەوایەتیكردنەی بەردەوامی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرێگەی سندوقەكانی دەنگدان نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی كوردستان بكات، هەوڵبدات رێگە چارەی هەمەجۆر بۆ كێشەكانی ئێستا و ئاینده بخاتە روو، بۆ ئەوەی بتوانێت توانای خۆی پیادەكات بۆ بەرژەوەندی گشتی گەلی كوردستان.

لێرەوە دەخوازین ئەوە بە خوێنەرانی گوڵان بڵێین ئەم خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەی لەم ژمارەیە بۆ رۆڵی حزب بەگشتی و پارتی دیموكراتی كوردستان بەتایبەتی لە پرۆسەی دیموكراتی و پەرەپێدانی دیموكراتی دەیكەین، پەیوەستە بەچەند هۆكارێكەوە، ئەمەش واتە ئەم راپۆرتە بەشێوەیەكی گشتی روو لەهەموو پارتە سیاسیەكانی كوردستان بەگشتی و پارتی دیموكراتی كوردستان بە تایبەتی دەكات،هەوڵێكە بۆ ئەوەی موناقەشەیەكی جدی لەمبارەوە دروستبكات، بەڵام هۆكاری ئەوەی كە لە ناو چوارچێوە گشتییەكە زیاتر رووی قسەو دیالۆگمان دەكەینە پارتی، لەبەر ئەم هۆكارانەیە:

١- ئەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵان هاوكاتە لەگەڵ ١٦ی ئاب، كە ٦٣ هەمینساڵیادی پارتی دیموكراتی كوردستانە.

٢- ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستان تەنها ساڵیادی حزبێكی سیاسیی نیە و بەس، بەڵكو راگەیاندنی بەرەیەكی نیشتمانی و هاودەنگی و یەكریزی سەرجەم گەلی كوردستانە لەسەر پێداویستی دروستبوونی پارتێكی سیاسیی كە بتوانێت وەڵامدەرەوەی پێداویستیەكانی ئەو قۆناخە بێت كە بریاری دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستانی تێدا دراوە.

٣- ئەو ئامانجەی پارتی لە پێناویدا دەمەزراوە، ئامانجی تەنها گرووپێك نەبووە، بەڵكو هەستكردنی هەموو هێز و پارتە سیاسیە شۆرشگێرەكانی كوردستان بووە، چۆن پارتێكی سیاسیی دروست بێت، قۆناخی ناوچەگەری تێبپەرێت و خەباتی سەرتاسەری كوردستانی بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی بارودۆخی سیاسیی ئەوكات و هاوكێشەی سیاسیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئەوكات دابمەزرێت.

٤- كەواتە لەدایكبوونی پارتی دیموكراتی كوردستان وەك هەستكردن بە پێداویستیەك و هەوڵدان بۆ دابینكردنی ئەو پێداویستیە وتێپەراندنی قۆناخێكی دژوار و دەستپێكی قۆناخێكی نوێ دامەزراوە، هەربۆیە كاتێك بە مێژووی ئەم پارتی دیموكراتی كوردستانەدا دەچینەوە هەستدەكەین:

أ- پارتی دیموكراتی كوردستان بەرەنجامی دروستبوونی قەناعەتێكە كە تێكرای پارت و لایەنە سیاسیەكانی ئەو كاتی كوردستان وەك هەستكردن بە پێداویستی قۆناخەكە پێیگەیشتوون. ئەویش گواستنەوەی شیوازی خەباتە لە ناوچەگەریەوە بۆ سەرتاسەری و كوردستانی.

ب- پارتی دیموكراتی كوردستان لەبەر ئەوەی لەسەرەتاوە بۆ ئامانجێكی هاوبەش و وەك پێداویستیەكی قۆناخەكە لە دایكبووە، دەبینین چەند خاڵێك لە بۆ سەركردایەتیكردنی ئەم پارتە لەبەر چاو گیراوە، كەپێش دامەزراندنی پارتی و دوای پارتی و هەتا ئێستاش لە هیچ پارتێكی سیاسیی دیكەی عێراقی و كوردستانی لەبەر چاو نەگیراوە، ئەمەش بەو مانایەی هەر لەسەرەتاوە ئەوە لەبەر چاو گیراوە، لەبەر ئەوەی پارتی لە پێناوی گواستنەوەی خەباتی رزگاری نیشتمانی لە ناوچەگەریەوە بۆ كوردستانی لەدایكبووە، ئەوا دەبێت هەیكەلی رێكخستنی پارت و سەركردایەتیەكەی رەنگدانەوەی دابەشبوونی جوگرافی تێكرای خەڵكی كوردستان بێت بە جیاوازی نەتەوەو ئایینەوە، هەربۆیە دەبینین،لەسەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە هەتا ئێستاش،سەركردایەتی و هەیكەلی رێكخستنەكانی پارتی رەنگدانەوەی جوگرافیای كوردستان بووە، هەموو پێكهاتە جیاوازەكانی كوردستان نوێنەرایەتی خۆیان لە سەركردایەتی و هەیكەلی رێكخستنەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان بینیوەتەوە.

٥- ئەم شیوازە تازەیەی بۆ دامەزراندی پارتی دیموكراتی كوردستان بیری لێكراوەتەوە، كۆتایی قۆناخێكی كۆن و دەستپێكی قۆناخێكی تازە بووە، ئەوەی خاڵی گرنگە لەم دەستپێكە تازەیە ئەوە نەبووە سەركردایەتی پارتی و شەخسی مستەفا بارزانی پەیمانی ئەوە بە میللەت بدەن،هەموو ببن بە پارتی بۆ ئەوەی بەهەشتتان بۆ دروستبكەین، بۆیە پەیامی پارتی لەسەرەتای دامەزراندنییەوە

## رەفتارەکانی مستەفا بارزانی دەبووە رایەڵەی پێکەوە بەستنەوەی هەموو بەرژەوەندیە جیاوازەکان و بیربۆچوونە جیاوازەکان




ئەوەبووە، دەبێت هەموو پێکەوە و بە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسیی و ئایین و نەتەوەوە لە دەوری یەکتری کۆبینەوە و پێکەوە دەستبخەینە ناو دەست بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ سەرخستنی ئەم قۆناخە تازەیە دەستپێبکەین. ئەم راستگۆیە و ئەم بواردانە بۆ بەشداری راستەوخۆی جەماوەر بەوەی شوێنێك هەیە ئامانج و بیروبۆچوونەکانی خۆتی وەك تاك تێدا رێکبخەیت و لە ئاستی دواکاری تاکەوە بەرزبکرێتەوە بۆ ئاستی خواستی گشتی و پێکەوە بەستنەوەی هەوڵەکانی تاك بۆ هەوڵدانی گشتی و خێری گشتی، ئەو شوێنە پارتی دیموکراتی کوردستانە، کەواتە پارتی جیاواز لە حزبە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان، بارەگاکانی، رێکخراو و ناوچە و لقەکانی، شوێنی کەسبی حزبی نەبوون، بەڵکو شوێنی رێکخستنی ئەو بیرکردنەوانەی تاکی کوردستانی کردووە کە هەستی کردووە نابێت چەوسانەوە و زوڵم و زۆرداری بەردەوام بێت، ئەم هەستکردنەی تاك لە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان رێکخراوە بۆ هێزێك کە بتوانێت رێگەیەکی دیکە بۆ بەرەنگاربوونەوە و لابردنی زوڵم و چەوسانەوە بدۆزرێتەوە، لەم حاڵەتە خەڵك جا کورد بوویێت یان تورکمان یان ئاشوری، موسڵمان بوویێت یان ئێزدی، هەستی نەکردووە بە خۆ بینەوەی لە ناو پارتی، هەستی بەو جۆرە نەبووە کە ئەو لە ناو ئەو حزبەدا هاریکاری دەکات بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە و پەیرەو پرۆگرامی حزبێك، بەڵکو هەستی بەوجۆرە بووە حزبێك دروست بووە خەمەکانی ئەو دەکات بە بەرنامە و رێکیدەخات بەو جۆرەی توانایەکی کاریگەری لێدروست بێت، ئەم هەستە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە نا ئومێدی لای تاك بڕەوێنێتەوە و ئومێد دروستبکاتەوە، یان هەموو پێکەوە دەمرین یان هەموو پێکەوە ئازاد دەبین، ئەمە تەنها دروشم نەبووە و بەس، بەڵکو ئەم قەناعەتی خەڵکی کوردستان کە بۆتە دروشمی شۆرشی ئەیلول کە ئەویش ( کوردستان یان نەمان) بووە .

٦- (کوردستان یان نەمان) دروشمێك نەبووە، تەنها ئەو کەسانە مافیان هەبێ بەرزیبکەنەوە کە ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بن، نەخێر زۆر دروشمی دیکەی وەك (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان) کە دروشمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کاژیك) بووە، یان دروشمی (نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار) هی حزبی شیوعی عێراق بوو، هەروەها چەندین دروشمی دیکەیش هەبوون بەڵام دروشمی شۆڕش کە ئەوانیش بەشێکبوون لە شۆڕشەکە، هەموویانی لەیەك




خاڵدا کۆکردۆتەوە، دەبێت کوردستان هەبێت و ئازاد بێت، یان ژیان هیچ مانایەکی نییە.

٧- مانادانەوە بە ژیان، مانا دانەوە نەبووە بە ناسنامەی حزبیی، ئەمەش واتە ئەو کەسەی ئەندامی پارتی بێت دەبێت مانای ژیانی بۆ دیاریبکرێت و ئەوەی پارتی نەبێت کەیفی خۆیەتی، نەخێر ئەو رێبازەی مستەفا بارزانی نەمر لە ناو پارتی و لە هەڵسوڕاندنی شۆڕش پیادەی دەکرد بریتی بوو لەوەی (پارتی بۆ قوربانیدان لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی لە ریزی پێشەوە دەبێت، بۆ دەستکەوتی شەخسی و حزبی لە ریزی دواوە دەبێت) ئەمە بە تەنها قسەو دروشم نەبوو بەس، بەڵکو مستەفا بارزانی لە قۆناخە جیاوازەکانی شۆڕش و لە مامەڵەی راستەوخۆی لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی کوردستان پیادەی کردووە، هەر بۆ نموونە:

أ- لەماوەی شۆرشی ئەیلول چەندین جار رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق ناچار بووە پەنا بۆ دیالۆگ و رێگە چارەی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد بەرێت، راستە ئەم ناچاربوونەی رژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق بەرەنجامی گوشار و خەباتی بەردەوامی پارتی بووە کە رێبەرایەتی شۆڕشەکەی کردووە، بەڵام مستەفا بارزانی ئەم هەقەی بە پارتی رەوا نەبینەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ گەل و دووبارە تەفویزکردنەوەی سەرکردایەتی پارتی بۆ ئەو دیالۆگ و وتوێژەی لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کراوە، ئەو کارە یان ئەو نوێنەرایەتیە بگرێتە ئەستۆی خۆی، راستە ئەو کاتە هۆکاری راپرسی و ریفراندۆم لە ئارادا نەبووە، بەڵام بارزانی مستەفا کۆنگرەی میللی بۆ نوێنەرانی سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان گرێداوە و بەشداریپیکردوون، لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیی چارنووسسازدا، ئەم بەشدارپێکردنە میللیەی مستەفا بارزانی لە شۆرش پیادەی کرد، بڕیاری سیاسیی چارەنووسسازی لە ژوورە داخراوەکانەوە گواستەوە بۆ ناو میللەت، ئەمە گرنگترین و نهێنترین خاڵەکانی پارتی بوو کە مستەفا بارزانی زۆر بە لۆژیکانە پیادەی دەکرد، ئەمە هەستێکی لە ناخی هەر تاکێکی کوردستاندا دروستکردبوو، بارزانی مستەفا و پارتی تەنها یەك کاریان هەیە و بەس ئەویش جێبەجێکردنی خواستەکانی گەلی کوردستانە، ئەم هەستە پێش ئەوەی کوردێك هەستی پێبکات، تورکمانێك هەستی پێدەکرد، پێش ئەوەی موسڵمانێك هەستی






پێبکات، ئێزدی و مەسیحی هەستیان پێدەکرد. ئەمە وایکردبوو، مستەفا بارزانی لە شکست و سەرکەوتندا هەموو گەلی کوردستان دوای دەکەوت، هۆکاری سەرەکیش ئەوەبوو، مستەفا بارزانی بە کردەیی خزمەتکاری میللەتی خۆی بوو، بەکردەیی ئەوەی میللەتەکەی پێی نەگووتبایە نەیدەکرد، ئەوەی میللەتەکەی پێی خۆش نەبوایە نەیدەکرد، بۆیە کاتێك بە ئەمانەتەوە دەچوو بۆ جێبەجێکردنی خواستی میللەتەکەی، ئیدی خاڵی هاوبەش لە نیوان بەرژەوەندیە جیاوازەکان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان دروستدەبوو، رەفتارەکانی مستەفا بارزانی دەبووە رایەڵەی پێکەوە بەستنەوەی هەموو بەرژەوەندیە جیاوازەکان و بیربۆچوونە جیاوازەکان، ئەمە لە ئیرادەی بارزانیدا بەرژەوەندیەکی تازەی بۆ هەموان دروستدەکردەوە کە بەرژەوەندی نیشمانی بوو، بەرژەوەندی هەمووشمان بوو.

ب- ژەنەراڵ مستەفا بارزانی بەوجۆرە سەرکردایەتی پارتی دەکرد، کە پارتی ئەو مافەی نیە ئازادی پێناسە بکات، لەبەر ئەوەی ئازادی بەرزترین دیاری خوایە بۆ مرۆڤ، نابێت کەس ئەو مافەی هەبێت دەستکاری ئەو دیارییە بکات، بۆیە ئەرکی پارتی بەو جۆرە دیاریکردبوو، پارتی دەبێت پاسەوانی ئازادییەکان بێت، بۆ ئەوەی لەم ئەرکەشدا پارتی نەکەوێتە هەڵەوە، ئازادیەکانی بەیاسا رێکخستبوو' پارتی کردبووە پارێزەری یاسا، بۆیە ئەگەر پارتی لە پارێزگاریکردنی بۆجێبەجێکردنی یاسا کەمتەرخەم بوایە، خەڵکی کوردستان گازندەی خۆیان دەگەیاندە مستەفا بارزانی، بە ئاسانیش دەگەیشتنە بارزانی بۆ ئەوەی ئەو زوڵمە کراوە درێژەی نەبێت، ئەمە پێمان دەڵێت کاری بارزانی نەمر راگرتنی باڵانس بووە لە نێوان جەماوەر و پارتی،ئەم راگرتنی باڵانسەش هەموو کات سەرکردایەتی پارتی و لق و ناوچەو رێکخراوەکانی خستۆتە بەردەم لێپرسینەوەی بەرژەوەندی گشتی، ئەمەش دروست وەك ئەو چاودێریکردنەی دەستووری ئەمریکا بۆ سەرۆك و حکومەتی ئەمریکا پیادەی دەکات و پێیدەڵێن (چێك و بلانس) واتە مەکتەبی سەرۆك بارزانی نەمر هەمووکات، دەزگایەکی چاودێری بووە لە نێوان جەماوەر و پارتی، بەڵام دەزگایەکی سست و بێگیان نەبووە، هەرکەس گازندەی خۆی گەیاندبێتە مەکتەبی سەرۆك بارزانی نەمر ئەوا گازندەکەی دیراسەت کراوە و زوڵمەکە لابراوە، ئەمەیە هەندێك جار لەو خەڵکانەی هاوژیانی شۆرشی ئەیلول و شاهیدی




عەدالەتی بارزانی بوون، هەناسەیەکی سارد بۆ ئەم واقیعە تاڵەی ئێستا هەڵدەکێشن و تەنها دەڵێن حەیف!!.

ت- بارزانی نەمر رێزی لە تایبەتمەندی توێژ و چینە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان دەگرت، ئەم رێزگرتنە بۆ هەموان وەك یەك بوو، پەیوەندی بە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانەوە نەبووە، بۆیە ئەو رێکخراو و یەکێتی وسەندیکا پیشەییانەی بە پشتگیری پارتی و بارزانی دروست دەبوون، کەم تا زۆر پارتی دەستێوەردانی لە کاروباریان نەدەکرد، ئەم هاریکاریەی پارتی بۆ ئەو رێکخراوانەی نوێنەرایەتی چین یان توێژێکی دیاریکراو دەیکرد، تایبەتمەندیەکی تایبەتی بەو رێکخراوانە دابوو، هەر بۆ نموونە، یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان چاوەرێی ئەوە نەبوو کە بزانێت پارتی چی پێدەڵیت، بەپێچەوانەوە ئەم رێکخراوە ببووە کارگەی دروستکردنی سەرکردەی نوێ و ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی بەردەوام سەرکردایەتی بە توانای لاوان و قوتابیان تازە بکاتەوە، یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان، بانگێشەیان بۆ پارتی نەدەکرد، بەڵکو خەڵکیان ئاراستە دەکرد زوڵم لەکەس قبووڵ نەکەن و هاریکاری ئەوکەس و پارت و شۆرشەش بکەن، کە هەوڵ بۆ لابردنی ئەو زوڵمە دەدات. یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان هێندە سەربەخۆ و کاریگەر بوو، جەنابی مەلامستەفایان کردبووە ئەندامی فەخری خۆیان.

زۆر لایەن و تایبەتمەندی دیکەی پارتی هەیە کە لەهەر پارتێکی سیاسیی دیکەی جیادەکاتەوە و لێرەدا ئامانج لە بیرهێنانەوەی ئەو تایبەتمەندی و جیاوازیانە بۆ ئەوە نییە، شکۆی پارتی بەسەر لایەن یان پارتێکی دیکە زاڵ بکەین، نەخێر، هۆکاری ئەم نەخێرەش، ئاسانە و لەبەر ئەوەیە پارتی لە بنەڕەتدا لە پێناوی ئەرکێکدا لە دایك بووە، کە هێشتا ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتیە بەردەوامە، ئەمە وامان لێدەکات لە ساڵیادی پارتی دیموکراتی کوردستاندا داوای ئەوە لە پارتی بکەین کە پێویستە ئەو تایبەتمەندی و جیاوازیانە و ئەرکانەی پارتی بەدرێژایی ٦٣ ساڵ شانی خۆی داوەتە بەر هێشتا ئەو ئامادەباشیە بەردەوامی هەبێت، بۆ ئەوەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی بەردەوامی هەبێت، کەواتە ئەم گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، گەڕانەوە نییە بۆ هەڵدانەوەی لاپەرە شکۆدارەکانی پارتی، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ دەرخستنەوەی جارێکی دیکەی ئەو مێژووە




**ژەنەراڵ مستەفا بارزانی بەوجۆرە سەرکردایەتی پارتی دەکرد، کە پارتی ئەو مافەی نیە ئازادی پێناسە بکات، لەبەر ئەوەی ئازادی بەرزترین دیاری خوایە بۆ مرۆڤ، نابێت کەس ئەو مافەی هەبێت دەستکاری ئەو دیارییە بکات، بۆیە ئەرکی پارتی بەو جۆرە دیاریکردبوو، پارتی دەبێت پاسەوانی ئازادییەکان بێت**

بۆ ئێستا، ئەومێژووە لەسەرەتاوە بە ژیانەوەی ئومێد و بەشداری فراوانی خەڵکی کوردستان بـــۆ بڕیاردان لەســـەر کێشـــەکەکانی خۆی دەستیپێکردووە، بۆیە کاتێك داوای بەردەوامی ئەم مێـــژووە دەکەین، واتە داوای بەردەوامی ئومێـــدی خەڵـــك و داوای بەردەوامی لەبەر چاوگرتنـــی بەرژەوەندی گشـــتی دەکەین، گەڕانەوە بۆ مێژوو بەو مانایە نییە بەداخەوە هەندێـــك کەس بـــە گەڕانەوە بـــۆ رابردوو خۆدزینەوە لە ئێستا تەفسیری دەکەن، نەخێر گەڕانەوە بۆ مێژوو واتە شکاندنی ئەو چینە ئەستوورانەی کە ئەو مێژووە پرسەروەرییەیان شـــاردۆتەوە، دووبـــارە بەدەنگهێنانەوەی ئەو گیانە زیندووەیە، کە لەســـەرەتاوە پارتی بەو شێوەیەی ئاراســـتەکرد، بەوەی دەبێت پارتی بەرنامـــەی خەڵك جێ بەجـــێ بکات، نەك خەڵـــك بەرنامەی پارتـــی جێبەجێ بکات، ئەمـــەش واتـــە دەبێت بەشـــداری خەڵك لە ئاراســـتەکردنی پارتی و بەشداری خەڵك لە دارشـــتنی بڕیاری سیاسی چارەنووسساز لە رێگەی پارتیەوە بێت.

## خۆنوێکردنەوەو خۆ هەڵسگاندنەوە وەک ئامادەباشیەک بۆ رووبەڕووبونەوەی تەحدیەکانی ئایندە

جوانتریـــن ســـیما و تایبەتمەنـــدی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە، هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە بەمافی خـــۆی دەزانێت رەخنەی خۆی ئاراستەی پارتی بکات، بە مافی خۆی دەزانێت لێپرســـینەوە لەگەڵ ســـەرکردایەتی پارتی بکات، ئەم لێپرســـینەوە و رەخنەیەی خەڵك بـــە مافی خۆی دەزانێـــت، هەندێك جار بەداخەوە نەتوانـــراوە لە چوارچیوەیەکدا رایەڵی هاوبەشی بۆ بدۆزرێتەوە، بۆیە دیسان دەڵێین بەداخەوە هـــەم لەلایەن هاوڵاتیەوە لە ئاراســـتەکردنی رەخنەکانی خۆی بۆ پارتی و ســـەرکردایەتیەکەی جـــۆرە ناکامڵیەکی پێوەدیارە، هەم وەرگرتنی رەخنەکانیش لەلایەن پارتی وســـەرکردایەتی پارتیەوە هەندێك جار کەموکورتی پێوە دیارە.

هـــۆکاری ئـــەم ناکامڵبوونـــی رەخنـــەی هاوڵاتیـــان و وەڵامنەدانـــەوەی پێویســـتی پارتی وسەرکردایەتی پارتی بۆ ئەو رەخنانە، پەیوەندی بەو بۆشـــاییەوە هەیە، کە لەنێوان جەماوەر و سەرکردایەتی پارتی بوونی هەیە، ئەم بۆشاییە لەوانەیە هەتا ئێستاش بەو ئاستە نەبێت کە جێگەی مەترسی بێت، بەڵام بوونی ئەو بۆشایە لەگەڵ ئەو ئامانجانە ناگونجێت کە پارتـــی لەپێناویدا دامـــەزراوە. لەوانەیە پرکردنەوەی ئەو بۆشـــاییە هێندەی فاکتەری لێکتێنەگەیشـــتن دروســـتیکردووە، هێنـــدە پیوەندی بەوە نەبێت ئایا کاری پارتایەتیکردن لە ریزەکانی پارتـــی کەموکورتی هەیە یان نـــە؟ بۆیە ئەم راپۆرتە فاکتەری ســـەرەکی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشـــاییە بە هەوڵدان بۆ ســـەرلەنوێ لێکگەیشتنی پارتی و جەماوەر پێکەوە گرێدەداتەوەو ئەرکێکی قورستر دەخاتە سەرشـــانی پارتی کە لەم قۆناخەدا پێویستە شانی خۆی بداتە بەر. لێرەوە بۆ ئەوەی کادر و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردســـتان بـــە هەڵە لـــەم بۆچوونەی ئێمـــە تێنەگەن، بەراشکاوی پێیان دەڵێین:

١- ئەو خەڵکانەی رەخنە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرن، راستە لە وانەیە هەندێکیان پاڵنەرێکی ئایدۆلۆژیان لە پشتەوە بێت، بەڵام ئەو پاڵنەرە ئایدۆلۆژیە رەخنەکان بەو ئامانجە ئاراستەی پارتی ناکات، کە ئەم حزبە دەبوایە وابکات یـــان وانەکات، بەڵکـــو هەوڵدانێکە دووبارە دادگایی کردنەوەی پارتی لەبەرامبەر ئـــەو ئامانجانەی کـــە پارتـــی لەپێناویدا دامەزراوە، ئەوەی ئەم دادگایکردنەی پارتی بە هەڵە تەفســـیر دەکات ئەوەیە، حزبێك ئەو مافەی نیە دادگایـــی پارتی بکات، بەڵام لە بنەرەتدا ئەو ئایدۆلۆژیەتەی مەبەستێتی ئـــەم کارە بـــکات ســـوودی لەو بۆشـــاییە وەرگرتـــووە کە ئەنـــدام و لایەنگرانی پارتی وەك بۆچوونـــی ئایدۆلۆژیەتێکـــی جیاواز ئاراســـتەی پارتی دەکات، ئەمە لە کاتێکدا ئـــەو رەخنەیەی ئاراســـتەی پارتی دەکرێت، هەمـــان رەخنەش لە نـــاو ریزەکانی پارتی و توندریش ئاراســـتەی پارتی دەکرێت، بەڵام جیاوازیەکـــەی ئەوەیە ئـــەو رەخنەیەی لەناو ریزەکانـــی پارتی ئاراســـتەی خودی پارتی دەکرێت بە رەخنەی خۆمانە لە قەڵەم دەدرێت و رەخنەکانی دەرەوەی رێکخستنەکانی پارتی بە رەخنەی ناخۆماڵی لە قەڵەمدەرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنە، لە ئامانجی دروستبوونی پارتی ئەم سنووربەندیە لە نێوان جەماوەر و کادر یـــان ئەندامی حزب بوونی نەبووە، مێژووی پارتی پێماندەڵێت، مەلایەکی ئایینی ئیســـلام بـــە ئەرکی خـــۆی زانیوە

کاری بارزانی نەمر راگرتنی باڵانس بووە لە نێوان جەماوەر و پارتی، ئەم راگرتنی باڵانسەش هەموو کات سەرکردایەتی پارتی و لق و ناوچەو رێکخراوەکانی خستۆتە بەردەم لێپرسینەوەی بەرژەوەندی گشتی



دوعای خێر بۆ سەرکەوتنی پێشمەرگە بکات و بەئەرکی خۆی زانیوە موسـڵمانان ئاراستە بکات، زەکاتـی خۆیان بدات بە شـۆرش، بۆیە پرسـیار ئەوەیە ئەگەر مەلایەك هەست بـە ئەرك بکات ئایا نابێت مافی ئەوەشـی هەبێت رەخنە لە شۆرش و پارتی و پێشمەرگە بگرێت، جوتیارێك کە لە ژێر تۆپ و تەیارەو هەڕەشەکانی دوژمن کشـتوکاڵی کردووە و هـاوکات ماڵەکەی دیوەخانی حەسـانەوەی پێشمەرگە و شـوێنی نانپێدانی پێشمەرگە بووە، لەکاتی شەڕیشـدا وەك هێزی بەرگری میللـی بەئەرکی خۆی زانبێت هاوشـانی پێشـمەرگە شەڕ بکات، با ئەندامی پارتیش نەبێـت، ئایا چۆن ئەو مافەی نیە لەسـەر کەموکورتیەکانمان رەخنە لە پارتی بگرێت؟ لە سـەردەمی خەباتی شـاخ و شۆرشـی ئەیلولدا بارزانی نەمر ئەرك و مافی لەسـەر خزمەتکردن هاوسەنگ راگرتبوو، نەك لەسەر ئاستی پارتایەتی، بۆیە هەموو کەس بە مافی خۆی دەزانی رەخنەی خۆی ئاراستەی پارتی بکات، ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان جەماوەر و پارتی، رایەڵەیەکی هاوکاری و هەماهەنگی دروستکردبوو، هێندەی پابەندبوونی ئەخلاقی دابونەریتـی کۆمەڵایەتـی پابەندبوونی بۆ پێشـمەرگە و ئەنـدام و کادیرانی پارتی لە ناو جەماوەر دروسـتکردبوو، هێندە بەرنامە و پرۆگرامـی پارتـی پابەندبوونـی بـۆ دروسـت نەکردبوو، ئەمە بـەو مانایە نییە، پەیـڕەو بەرنامەی پارتی کاریگەری نەبووە، نەخێـر بـەو مانایەی لە بنەڕەتـدا پەیرە و پرۆگرامی پارتی رێکخستنی ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییـەی خەڵکی کوردسـتان بووە بـۆ پابەندبونێکی ئەخلاقـی، بۆیە لەبری ئەوەی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە هەوڵ بۆ چەسپاندنی بدەن، خەڵك خۆی جێبەجێی دەکرد و ئەگەر پێشمەرگە یان ئەندام و لایەنگرانی پارتیش کەموکورتیان هەبوایە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرا، بۆ ئێسـتا ئێمە هەر ناوێکی لێ بنێین، خەڵـك مافی خۆیەتی رەخنە لە پارتی بگرێت، ئەگەر راشکاوانە رەخنەکانیش هەسـتبکرێت پاڵنەرێکـی ئایدۆلۆژیشـی لەپشتەوەیە، بۆچی؟ وەڵامی ئەمەش ئاسانە لەبەر ئـەوەی پرۆگرامـی پارتی لەگەڵ ئایدۆلۆژیەتی جیاواز هاودژی دروستناکات، لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی هاودژی دروست نـاکات، بۆیە ئەگەر رەخنەکان بەو شـێوەیە بخوێنرێتەوە بۆ دژایەتی بەرژەوەندی گشتیە، ئەوا دیسـان هۆکارەکەی لێکتێنەگەیشتنە، لەبەر ئـەوەی ئەوەی رەخنەکە ئاراسـتەی پارتی دەکات ئامادەنیە بەو شێوەیە ئاراستەی پارتی بکات کە هاودژی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی دروست بکات، کەواتە ئەم ئاراستەیە پێماندەڵێت،دەبێت پارتی بەردەوام لە ناو جەماوەر بێت، بەڵام نەك بۆ مەبەستی کەسبی حزبی، بەڵکو گازندە و رەخنەکانی خەڵك وەربگرێت و تێگەیشتنێکی نوێ دروستبکاتەوە.

٢- هەموو کەسـێك بە مافی خۆی دەزانێت چاوەڕێی زیاتر لە پارتی بکات، پارتی دەبێت بەرگەی ئەم داوایە بگرێت، لەوانەیە هەندێك لە ئەندام و لایەنگرانی پارتی ئەو پرسیارەمان لێبکـەن، بۆچی ئەم ئەرکە قورسـە دەخەنە سەرشانی پارتی؟ هەڵبەت پارتی خۆی شانی داوەتە بەر ئـەم ئەرکە، جەماوەریش ئامادەیە هاریکاری بکات، بەڵام هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەم ئەرکە لە ئەرکێکی هاوبەشی جەماوەریی و پارتیـەوە، بۆ ئەرکێك کـە بەتەنها پارتی شانی خۆی بخاتە بەر،ئەوا لێرەدا رووبەڕووی ئەو هەڵەیـە دەبینەوە کە ئەسـڵەن نەدەبوو لەپێشـدا رووبدات، ئێسـتاکاتی ئەوەهاتووە، ئـەو چاوەروانییەی خەڵك لە پارتی هەیەتی و پارتیش ئەرکی سەرشانیەتی لە ئاستی ئەو چاوەڕوانیەدا بێت، پێویستی بە میکانیزمێکی قۆناخبەندی و قەناعەتـی جەماوەر هەیە، کە ئەو خواسـت وچاوەڕێیانـە لە جێگەی خۆیەتی، بەڵام دەبێت هەموو پێکەوە شـانی بدەینە بەر، ئـەم میکانیزمە بە کۆبوونەوەی لقەکان و قسـەکردنی بەرپرسـە حزبیەکان دروسـت نابێت، بەڵکو دەبێت لـە میانەی کـۆڕو کۆبوونـەوەو کۆنگـرە میللیەکانەوە ئەو میکانیزمـە بدۆزرێتەوە و دەبێت خەڵك قسـە بۆ پارتی بکات نەك پارتی قسـە بۆ خەڵك بکات، لەبەر ئەوەی پارتی فەرمان لە خەڵکەوە وەردەگرێت نەك خەڵك لە پارتیەوە، دروسـت وەك ئەو بڕیارە چارەنووسسازانەی مەلا مستەفا بارزانی لە قۆناخە جیاوازەکانی شۆڕشـدا داویەتی، ئەگـەر گەل فەرمانی پێنەکردبێت شۆڕشی نەکردووە و ئەگەر گەل فەرمانی پێنەکردبێت دانوستاندن و وتوێژیشی نەکردووە، راستە سەرۆك مسعود بارزانیش لە هەموو پرسە چارەنووسسازەکاندا پەرلەمانی

**دەبێت پارتی بەرنامەی خەڵك جێ بەجێ بکات، نەك خەڵك بەرنامەی پارتی جێبەجێ بکات**



کوردستان بە مەرجەعی موناقەشەی هەموو پرسە چارەنووسسازەکان دەزانێت، ئەمە جێگەی دەستخۆشیە، بەڵام دیالۆگی راستەوخۆی نێوان گەل و سەرۆک بارزانی بۆ ئێستا کە بەرپرسیان سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستانن، دەبێتە هۆکارێکی دیکە بۆ زیاتر پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و کاڵکردنەوەی بەرژەوەندی حزبە سیاسییەکان.

**٣-** رۆشنبیران هەقیانە و مافی خۆیانە هەموو رەخنەکانی خۆیان ئاراستەی پارتی و سەرکردایەتی پارتی بکەن، رۆشنبیران مافیان بەسەر هیچ لایەنێکەوە نەبێت، مافیان بەسەر پارتی و رێبازی بارزانییەوە هەیە، لەبەرئەوەی هێندەی رۆشنبیرانی کوردستان خەمی ئەم میللەتەیان لە کۆڵناوە، پێشمەرگەش هەر هەمان خەمی لە کۆڵناوە، بۆیە رۆشنبیران کاتێک تا ئەو پەری بەرامبەر پارتی توند دەبن، وەڵامی ئەو پرسیارەیان دەست ناکەوێت، بۆچی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان پارتی و رۆشنبیران لێرەو لەوێ یەکنا گرنەوە، رۆشنبیران مافی خۆیانە ئەو پرسیارە پێش هەر لایەک ئاراستەی پارتی بکەن، ئایا چ شتێک هەیە ئامانجی پارتی بێت و ئامانجی رۆشنبیران نەبێت؟ لێرەدا جۆرە لێکجاڵینەبوونێک لە نێوان رۆشنبیران و پارتی دا هەستی پێدەکرێت، بۆیە گرنگە پارتی لە قۆناخی داهاتوودا جارێکی دیکە بە پەیوەندی خۆی و رۆشنبیراندا بچێتەوە، رۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانی کوردستان، بەو رێزە پەروەردە کراون کە بارزانی پەروەردەی کردوون، بارزانی نەمر هەموو کات مافی بە رۆشنبیران داوە کە رەخنەی خۆیان بە ئازادی دەربڕن، بارزانی نەمر دیاریە مەعریفیەکانی رۆشنبیرانی بەرزنرخاندووە، هەستی بەوەکردووە ئەو رەخنەیەی رۆشنبیران ئاراستەی پارتی دەکەن بەرهەمێکی مەعریفیە و بەرەنجامی چەندین شەوانی بیرکردنەوە و ماندووبوونی جەستەیی و فیکریە، بۆیە رەخنەکانی بە سوپاسەوە لیوەرگرتوون و پێشنیارەکانی وەک جوانترین دیاری لێوەرگرتوون، ئەمە جیاوازی بارەگای مەلا مستەفا بارزانی بوو، کە بێجگە لە مەعریفە و خەمی خەڵک شتێکی دیکەی تیا نەبوو، جیاوازییەکانی مەلامستەفای بارزانی زۆرن لێرە ناتوانین هەموویان باسبکەین، ئەم خەسڵەتانە بوو رۆشنبیران کاتێک باسی بارزانیان دەکرد هەستیاندەکرد باسی خۆیاندەکەن، کاتێک شیعریان لەسەر دەنووسی هەستیان دەکرد شیعر بۆ کوردستان دەنووسن، ئەمەیە پێماندەڵێت مستەفا بارزانی یەك خەمی هەبوو ئەویش خەمی کوردستان بوو، بۆیە ئەوەی لە کوردستان بژیایە باوکایەتی ئەویان قبوڵ بوو، بۆیە چەتری کوردستان هەمووی لە ماڵێکی گەورەدا کۆکردبووەوە و هەریەك بە پێی توانای خۆی خەریکی رازاندنەوەی ئەو ماڵە گەورەیە بوو، هەموو لەیەك رازی نەبوون، بەڵام هەمووش پێکەوە برابوون، گرنگە و زۆریش گرنگە، پێش هەموان پارتی ئەم دیالۆگە لەگەڵ هەموو رۆشنبیرانی کوردستان دەستپێبکاتەوە، لەبەر ئەوەی رۆشنبیران چاوە ئیشکگروو نەخەوتوەکانی کوردستانن و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی بۆ ئێمە دەسووتێن، پارتیش بێجگە لە پاراستنی ئەو چاوە ئێشکگرانە کارێکی دیکەی نیە، بۆیە هەردوولا خاڵی هاوبەشیان هێندە هەیە، کە دەکرێت رەخنە و گازندەکان بە ئاسانی باسیان لێوە بکرێت.

**٤-** نەوەی نوێی ئافرەتان کچانی ئەو دایکە شۆرشگێرانەن کە بە داستانی قارەمانی شۆڕش و نەهەماتیەکانی کوڕ و مێرد و برا پێشمەرگەکانیان نەوەی نوێی ئافرەتانیان بۆ پێگەیاندووین، بۆیە لای نەوەی نوێی ئافرەتان وێنای تێکۆشەرە دێرینەکان و پێشمەرگەکانی کوردستان، وێنای فریشتەو فریاد رەسن، لە دەموچاوی هەریەکێکیاندا وێنای باوك وبراو كەسوكاری شەهیدی خۆی دەبینێتەوە، بۆیە نەوەی نوێی ئافرەتان و ژنانی کوردستان،هەقی خۆیانە گەورەترین رەخنە و بەشی شێری رەخنەکانی خۆیان ئاراستەی پارتی بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی پارتی بەشی شێری داستان و سەروەرییەکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی پێبراوە،بۆیە کاتێك دەبینین ئەو پێشمەرگەو تێکۆشەرەی دوێنی ئەمرۆ بەرپرسەو رەفتارەکانی لەگەل ئەو داستان و سەرگوزشتانە یەکناگرێتەوە کە شەوانە خەوی پێلێکەوتووە، بۆیە مافی خۆیەتی تورە بێت،مافی خۆیەتی پرسیاری ئەو جیاوازیە بکات، مافی خۆیەتی بڵێت ئایا ئەگەر شەهیدەکانیشمان بمانایە ئێستا وەك ئێوە رەفتاریان دەکرد، مافی خۆیانە داوای مافی خۆیان بکەن و لەسەر مافەکانی خۆیان دەنگ بەرز بکەنەوە، لەم حاڵەتەدا دەبێت پارتی گەورەترین بوار بۆ ئافرەتانی نەوەی نوێ بکاتەوە،بە تایبەتی لەسەرکردایەتی پارتی، هەروەها لە دابەشکردنی پۆست و پلە حکومیەکاندا،ئەمە لە پێناوی ئەوەی لە هەموو شوێنێك دەنگێکی ناسك هەبێت خۆشکانەو دایکانە رەخنەی توندمان لێبگرێت و بە هۆش خۆمان بهێنێتەوە،پارتی دەبێت لە قۆناخی داهاتوودا بیبەسەلمێنێت، هەوڵ بۆ هاوسەنگی رێژەی ئافرەت وپیاو لە ناو رێکخستەکانی خۆی و لە ناو سەرکردایەتیەکەی خۆی دەدات،



**دەبێت پارتی بەردەوام لە ناو جەماوەر بێت، بەڵام نەک بۆ مەبەستی کەسبی حزبی، بەڵکو گازندە و رەخنەکانی خەڵک وەربگرێت و تێگەیشتنێکی نوێ دروستبکاتەوە**

بەداخەوە ئەم رەخنە توندە لە پارتی دەگرین، پارتی دیموکراتی کوردستان دەبوایە لانی کەم ئێستا **٣-٥** بەرپرسی لقەکانی ئافرەت بوایە، بەڵام دیسان بەداخەوە لقەکانی پارتی لەسەر پیاو تابۆ کراون، نابێت تاسەر ئەمە وابێت، لەوانەیە ئەم رەخنەیە کە دەڵێین بەداخەوە دەبوایە ئێستا لانی کەم **٣-٥** لە بەرپرسی لقەکانی پارتی ئافرەت بوایە، هەندێك وا بیخوێننەوە کە دەمانەوێت موزایەدە بەسەر پارتی بکەین، یان بەوە وەڵاممان بدەنەوە، کوا کام حزب لە کوردستان تەنها یەك رێکخستنی خۆی بە ئاستی لقەکان بە ئافرەت سپاردووە، لە وەڵامی ئەمەشدا پارتی سەیری مێژووی خۆی ناکات، چۆن وەڵامی دەیان شەهیدی سەرکردەی وەك لەیلا قاسم دەداتەوە؟ پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئەگەر شەهید لەیلا قاسم بمایە، تەنها لەبەر ئەوەی ئافرەتە دەبوایە لە سنوری یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا بەرپرسیایەتی بۆ دیارییبکرایە،نەخێر هیچ کەسێك ئەوە لە پارتی قبوڵ ناکات کە بەو جۆرە رێژەی ئافرەت لە ریزەکانی پارتی کەم بێت، گرنگە و زۆریش گرنگە پارتی لە قۆناخی داهاتوو دەست پێشخەربێت، کۆمەڵیك بەرپرسیاریەتی گرنگی ناو پارتی و بەرپرسیاریەتی جەماوەری رووبەرووی ئافرەتانی کوردستان بکاتەوە، نابێت لە قۆناخی ئایندە خەباتی ئافرەتان تەنها لە چوارچیوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بێت، دەبێت یەکێتی ئافرتانی کوردستان قوتابخانەی پێگەیاندنی خانمانی سەرکردە بێت بۆ ئەوەی بە ئاستی قەوارەو گرنگی ئافرەتانی کوردستان لە ناو پارتی هاوبەشی سەرکردایەتی ئەم قۆناخە گرنگە بکەن، گرنگە پارتی سوود لە مێژووی خۆی وەربگرێت و ئەوەی لەبەرچاو بێت، کاتێك بارزانی نەمر ئافرەتی گەیاندە ئاستی ئەندامی سورکردایەتی پارتی هێشتان لە زۆربەی جیهاندا ئافرەت بە هاوڵاتی لەقەڵەم نەدەرا، هێشتا خانمە ئاسنینەکان لە سەر ئاستی جیهان لە دایك نەبووبن، بەڵام بەدرێژایی زیاتر لە نیوسەدەی دوای یەکەم هەنگاوی بارزانی هێشتا هەنگاوی دووەمان هەڵنەگرتووە.

٥- لایەنێکی دیکە کە پێویستە پارتی لە قۆناخی ئایندە لە بەرچاوی بگرێت، ئەوەیە دەبێت پارتی سەرلەنوێ پێناسەی نەهامەتیەکانی خەڵك بکاتەوە، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە نابێت ناراستەوخۆ لەو نەهامەتیانە ئاگادار بکرێتەوە و بیانوو پاکانە بۆ ئەو نەهامەتیانە بهێنێتەوە، بەپێچەوانەوە دەبێت پارتی راستەو خۆ لە ناو خەڵك بێت بۆئەوەی رێگەی گونجاو بۆ ئەو نەهامەتیانە بدۆزێتەوە و گروپی گوشار لەسەر حکومەتی خۆی دروست بکات بۆ ئەوەی ئەو نەهامەتیانە بەپێی ئەولەویەتی



کێشەکان هەنگاوی چارەسەرکردنی بۆ هەڵبگرێت، پارتی دەبێت پێش رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاو ئۆپۆزسیۆن، خۆی گروپی فشار بێت بۆ داواکانی خەڵك، لەبەر ئەوەی خەڵك متمانەی بە پارتی داوە و پارتیش دەبێت لە ئاستی ئەو متمانەیە بێت،پارتی دەبێت بڕوای بەوە هەبێت رەخنەو گازندەکانی خەڵك ئەگەر دیراسەت بکرێن و لە کۆڕو کۆبوونەوە جەماوەریەکان باسبکرێن،ئەوا ئەو ئاستە ئاڵۆز نیین، کە ئێستا بەو ئالۆزیە دەبینرێن،لەوانەیە هەندێك لەو گلەیی و رەخنانەی بەردەوام دەگوترێتەوە و هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی لەبەر چاو ناگیرێت، هۆکارەکەی ئەوەبێت، بەشداری هاوڵاتیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئاستی پێویستدا نەبن، هەروەها لەوانەیە هاوڵاتیش وەك پێویست ئاگاداری ئەو هەنگاوانە نەبێت کەبۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هەڵگیراون، بۆیە هەوڵدانی پارتی لە قۆناخی ئایندە بۆ ئەوەی ئاستی بەشداری هاوڵاتیان لە بڕیاردا بەرزبکاتەوە، لەبری ئەوەی هاوڵاتیان لە پێگەی تەماشکردنەوە تەنها داواکاری بەرهەمبهێن، دەگۆڕێن بۆ پێگەی بەشداری و چارەسەر بەرهەمدەهێنن، ئەم حاڵەتە سەقامگیریەکی کۆمەڵایەتی دروستدەکات، کە بایەخی ئەم سەقامگیریە لە سەقامگیری سیاسیی کەمتر نییە.

٦- پیاوانی ئایینی لە کوردستان بەگشتی و پیاوانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان، توێژە دیار و بەرێزەکەی کوردستانن، دەبێت هەموو کات رێز لە پێگەیان بگیرێت و رێزیان لێ بگرێت، دەبێت بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی هاوڵاتیان، مامۆستایانی ئایینی پێشەنگ و پێشڕەو بن، دەبێت رێزێکی تایبەتی بۆ ئەو داواکاریە گشتیانە دابنرێت، کە مامۆستایانی ئایینی بەرزیدەکەنەوە، مەبەست لە رێزگرتن هەر ئەوەندە نیە،کە کارێك بە قسەی پیاوێکی ئایینی ئەنجامبدرێت و بەس، بەڵکو دەبێت پیاوانی ئایینی حەسانەیان هەبێت و داواکاریەکانیان بەهەند وەربگیرێت، پارتی لەم بوارەشدا پیویستی دووبارە بە خۆ هەڵسەنگاندنەوە هەیە، لەبەر ئەوەی مامۆستایانی ئایینی ئەو توێژە رۆشنبیرەی کۆمەڵگەی ئێمەن کە بە مانای وشە رۆڵی رۆشنبیری ئۆرگانی دەگێرن، بۆیە، باشترین سەرمایە و سەرچاوەن کەدەبێت بۆ گەیاندنی نەهامەتیەکانی خەڵك سوودیان لێوەربگرێت.

**جۆرە لێکجاڵینەبوونێک لە نێوان رۆشنبیران و پارتی دا هەستی پێدەکرێت، بۆیە گرنگە پارتی لە قۆناخی داهاتوودا جارێکی دیکە بە پەیوەندی خۆی و رۆشنبیراندا بچێتەوە**



پرۆفیسۆر ئەلیجاندرۆ دۆمینۆگویز ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ڤاندربلیت لەمەکسیکۆ. پسپۆر و تایبەتمەندە لەسیستمی سیاسی لەئەمریکای لاتین، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگی و رۆڵی پارتە سیاسیەکان لەبونیادی دیموکراسی لەجیهانی سێەمدا پرۆفیسۆر ئەلیجاندرۆ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

## پرۆفیسۆر ئەلیجاندرۆ دۆمینیۆگویز بۆ گوڵان:

# کاتێک پارتە سیاسییەکان پابەندبن بەدیموکراسییەوە پتر شەفافیەت لە کارەکانیاندا رەنگدەداتەوە

**زۆرجار ئاستی متمانەکردن بەپارتە سیاسیەکان ئاستێکی نزمە، ئەم حاڵەتە بەتایبەتی لەئەمەریکای لاتیندا بەدیدەکەین، چەند هۆکارێکیش لەم حاڵەتە بەرپرسن، وەک بوونی گەندەڵی**

*** حزبی سیاسی یەکێکە لەتوخمە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی، هەروەها بەرنامە و پرۆگرامی حزبە سیاسیەکە دەبێتە رەنگدانەوەی سیستمە سیاسیەکە، ئایا هۆکاری ئەم بایەخە گرنگەی حزبی سیاسی بۆ دیموکراتی چییە؟**

- لەڕاستیدا دەتوانین ئاماژە بەچەند تیورێك بکەین سەبارەی بە گرنگی پارتە سیاسییەکان لەکۆمەڵگەی مۆدێرندا، یەکەمیان بوونی بەرژەوەندییە جیاوازەکانە لەکۆمەڵگەدا، کە زۆرجار پێویست بەوە دەکات لەپارتێکی سیاسیدا خۆیان رێکبخەن، دووەم، مەسەلەی نوێنەرایەتیکردنە، مەبەستم لەوەیە دەبێت بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی حکومەت بەرپرسگەلێکی هەڵبژێردراومان هەبێت. ئەم دوو فاکتەرە هەردووکیان گرنگن، لەهەندێك حاڵەتە رۆڵی پارتە سیاسییەکان هێجگار نزمە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی گەندەڵی یان ئەو هۆکارانەی لەخودی حزبەکەدا هەن، لێرەدا دەبێت ئەو خاڵەش بخەمەڕوو کە زۆرجار ئاستی متمانەکردن بەپارتە سیاسیەکان ئاستێکی نزمە، ئەم حاڵەتە بەتایبەتی لەئەمەریکای لاتیندا بەدیدەکەین، چەند هۆکارێکیش لەم حاڵەتە بەرپرسن، وەك بوونی گەندەڵی.

*** ئایا بوونی پارتە سیاسیەکان خاڵێکی ئیجابیین لە دیموکراسیدا، یاخود دەکرێت زیانبەخشبن بۆ پرۆسە دیموکراتیەکە؟**

- ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو فاکتەری لە پرسیاری پێشوو ئاماژەم پێکرد، یاخود پەیوەستە بە بەیاننامە و لێدوانەکانی پارتە سیاسیەکانەوە کە تا چەند پابەندن بە بە دیموکراسی و بە بنەما دیموکراسیەکانەوە، بۆ نموونە لە بەلجیکادا و لە ساڵی ١٨٨١دا پارتێك سەری هەڵدا کە دیموکراتیانە ئەدای کاروبارەکانی نەدەکرد. بۆ وڵاتێکی وەك مەغریب کێشەی سەرەکی بوونی پارتە ئیسلامیەکانە، ئەم کێشەیە کاتێك دەبێتە سەرچاوەی مەترسی ئەگەر ئەو پارتە ئایینیانە دەسەڵات بگرنە دەست لەبەر ئەوەی بەرنامەکەیان دیموکراتیانە نییە، کێشەیەکی سەرەکی کە دەکرێت لێرەدا بیخەینەڕوو ئەوەیە کە زۆرجار ئەو پارتانەی بانگەشەی دیموکراسی بوون و پابەندبوون بە دیموکراسیەوە دەکەن، لە رووی عەمەلیەوە ئەم بانگەشەیە رەنگدانەوەی نابێت و لەسەر ئەرزی واقیع پیادە ناکرێت، یاخود هەندێ جار ئەو دیموکراسیەی بانگەشەی بۆ دەکرێت دوورە لەدیموکراسیەتی لیبراڵیەوە. ئەمەش کێشەیەکی سەرەکیە، لەبەرئەوەی هەندێکجار دەبینین بیربۆچونی پارتە سیاسیەکان زیاتر لە تۆتالیتاریزمەوە نزیکترە وەك لە دیموکراسی.

*** لە وڵاتانی جیهانی سێەم حزبی سیاسیی بوونی هەیە، هەروەها دیاردەی فرەلایەنی و چالاکی سیاسیش بوونی هەیە، بەڵام دەبینن حزبە سیاسیەکانی جیهانی سێەم وەك حزبە سیاسیەکانی رۆژئاوا ناتوانن دیموکراتی بەرهەمبهێنن، ئایا هۆکاری ئەم جیاوازیە**

**بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لێرەدا دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو سیاسەتەی پارتە سیاسیەکان لەناو خۆیاندا پیادەی دەکەن، لەگەڵ ئەو سیاسەتەی سیستمێکی دیاریکراو پیادەی دەکات کە پارتگەلێکی سیاسی دیاریکراو لەچوراچێوەیدا کاردەکەن. من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە زۆرجار هەندێ سیستمی سیاسی بەهۆی فشاری هێزە دیموکراتیەکانەوە، بەهۆی فشاری نێودەوڵەتیەوە ناچاربوونە سیاسەت و ئەدای کاری خۆیان بگۆڕن و پتر ئاراستەیەکی دیموکراسی وەربگرن، لەهەمانکاتدا ئەو پارتە سیاسیانەمان هەبووە کە بەهۆی چاکسازی کردن لەسیستمی هەڵبژاردن و لەسیستمی سیاسیدا ناچاربوونە پتر پابەندن بە بنەما دیموکراسیەکانەوە.

*** لەسیستمە دیموکراتیەکاندا هەڵبژاردنەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ دەسنیشانکردنی ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان، زۆر لەدوای ئاکامەکانی هەڵبژاردن هەستدەکرێت پارتێکی سیاسیی پاشەکشەی کردووە، ئایا چۆن ئەو پارتە سیاسییە دەتوانێت هاوسەنگی خۆی لەناو کۆمەڵگە ڕاست بکاتەوە و بەسیاسەتی خۆیدا بچێتەوە؟**

- ئێمە لێرەدا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ پارتە سیاسیەکان لە ڕۆژئاوادا، کە لەسەردەمێکی دیاریکراودا بایەخیان بەمەسەلەگەلێکی پەیوەست بەسۆشیالیزمەوە دەدا، بۆ نموونە مەسەلەی کرێکاران و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و هتد، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە کە ئەم مەسەلانەوە پەیوەستن بە گەشەکردنی سیستمی سیاسی وڵاتەکەوە، بۆ نموونە حاڵی حازر لە ئەڵمانیادا دو پارتی سیاسی گەورە و سەرەکی هەن، لەگەڵ پارتێکی بچوکدا کە پارتی سەوزە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە زۆربەی کات وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی ئەڵمانیا بەدەست ئەم پارتە بچووکەوەیە، مەبەستم پارتی سەوزە.

*** زۆر لە چاودێران پێیان وایە هاوشانی گەشە پێدانی ئابوری، کۆمەڵگە پێویستی بە گەشەپێدانی سیاسیی هەیە، ئایا بەرای ئیوە مەبەست لە گەشەپێدانی سیاسی چیەو ئایا گەشەپیدانی سیاسیی تاچەند دەبێتە هۆکاری هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە بە تایبەتی بەهۆی ئەو قەیرانە ئابووریەی ڕووبەڕووی جیهان بۆتەوە، لێرەدا من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەمەوە کە هیچ بەڵگەیەك نییە، یاخود بەلای کەمەوە هیچ بەڵگەیەکی بەهێز نییە کە دیموکراسی سەردەکێشێت یان دەبێتەهۆی گەشەکردنی ئابووری، بۆ نموونە لێرەدا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەزمونی چیللی لەسەردەمی پینۆشێدا، کە سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و تاکڕەوی بوو، بەڵام گەشەکردنی ئابووری و چاکسازی ئابووری لە وڵاتەدا هێنایەدی، بە هەمان شێوە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی چین بکەن، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هیچ بەڵگەیەکی بەهێز لە ئارادانیە بیسەلمێنێت پێشمەرجی گەشەکردنی ئابووری، هێنانەدی و پیادەکردنی دیموکراسییە، بەڵام لایەنێکی دیکەی ئەم مەسەلەیە بایەخدان و پەرەپێدانی مافە سیاسیەکانە، ئازادیەکانە، کە ئەم ماف و ئازادیانەش پەیوەستن بە گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی دیموکراسیەوە. بۆ نموونە کۆچکردن و دزەکردنی مەکسیکیەکان بۆ سنورەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا تەنها پەیوەست نیە بەوەی لە ئەمەریکدا گەشەیەکی ئابووری و هەلی کارکردنی لە ئارادایە، بەڵکو پاڵنەری سیاسیشی لە پشتە، مەبەستم ئەوەیە لە ئەمەریکادا ئازادیەکی سیاسی و گەشەکردنێکی سیاسی گەورە هەیە و ئەمەش ئەو خەڵکانە کێش دەکات بۆ ئەو وڵاتە، واتە ناتوانین هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە تەنها لە هۆکارە ئابوریەکاندا کورتبکەینەوە.

*** هەندێك لەپسپۆڕان پارتە سیاسیەکان بەهۆکارێکی لەبار دەزانن بۆ پەرەپێدانی سیاسیی ئایا پارتە سیاسیەکان چۆن دەتوانن پەرەپیدانی سیاسیی لەکۆمەڵگە دروست بکەن؟**

- ئەمە دەوەستێتەسەر چەند خاڵێك، یەکەم ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لەکۆنگرێسدا، یاخود بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا (پەرلەمان) لە تێپەڕاندن و پەسەندکردنی ئەو یاسا و پرۆژانەی دەبنەهۆی هێنانەدی چاکسازی و گەشەکردن لە ئابووری وڵاتەکەدا، دووەم پەسەندکردنی بودجەی گشتی وڵاتەکە، خاڵی سێیەم کە پارتە سیاسیەکان دەتوانن ئەنجامی بدەن، ئەوەیە هەوڵی بەدەستهێنانی حکومەت بدەن، مەبەستم سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، ئەمەش دەوەستێتەسەر سیستمە سیاسیەکە. لێرەدا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ خاڵێکی دیکە، هەرچەندە سەرەکیش نیە، ئەویش پەیوەندی بەو ڕێسا و یاسایانەوە هەیە کە چۆنیەتی کۆکردنەوە و خەرجکردنی ئەو پارانە ڕێکدەخات کە پارتە سیاسیەکان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا کۆیان دەکەن و خەرجیان دەکەن، بەڵام چالاکی و ڕۆڵی سەرەکی پارتە سیاسیەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانیدایە، لە داڕشتنی ئەو یاسایانەی کە پەیوەستن بە بواری ئابووری و بە پەسەندکردنی بودجەوە.

*** ئایا ئەو میکانیزمانە چین کە وا دەکات پارتە سیاسیەکان ڕۆڵیکی کاریگەر و چالاك بگێڕن بۆ بونیادی دەوڵەتی دامەزراوەیی و سەروەری یاسا لە کۆمەڵگەدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی تا دوا ڕادە گرنگە، بەڵام دژواریەکە لەوەدایە ئایا پارتە سیاسیەکان کە بەشداریانکردووە لە ڕێی پەرلەمانەوە لە داڕاشتنی یاساکاندا خۆیان بە تەواوەتی ڕێز لە یاسایانە دەگرن، بە تایبەتی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، سەورەری یاسا تەنها پەیوەست نیە بە ئیرادەی پارتە سیاسیەکانەوە، بەڵکو دەبێت خەڵکیش ئەو پاڵنەر و هۆشیاریەیان لادروست بێت کە چەسپاندنی سەروەری یاسا لەبەرژەوەندی ئەواندایە، هەروەها کاتێك پارتە سیاسیەکان پتر پابەند دەبن بەدیموکراسیەوە کە بەرژەوەندیان لەچەسپاندنی دیموکرسیدابێت، لەخستنەڕووی بەرنامەی دژ بە گەندەڵی و دژ بە هەژاریدا بێت، ئەو کاتە دەتوانرێت پارتە سیاسیەکان ڕوبەڕوی بەرپرسیارێتی بکرێنەوە و پتر شەفافیەت لە کارەکانیاندا ڕەنگبداتەوە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من کەسێکی مەکسیکیم و سەردانی عێراقم نەکردووە، بەڵام پێموایە ئەو هەڵبژاردنانەی ئەنجامدراون، نەك هەر تەنها بەدیلێکی باشن بۆ شەڕ، بەڵکو هەنگاوی گەورەن بۆ چەسپاندنی ئەو نەریتەی کە لەبری پەنابردنەبەر گوللە ڕووبکەینە سندوقەکانی دەنگدان بۆ یەکلاکردنەوەی جیاوازیەکانمان و من هیوادارم سیستمی سیاسی و ئابووری لەوڵاتەکەی ئێوە بەچەشنێك گەشە بکات، کە ببنە جێی ڕەزامەندی خەڵکی وڵاتەکە.

هیچ بەڵگەیەکی بەهێز نییە کە دیموکراسی سەردەکێشێت یان دەبێتەهۆی گەشەکردنی ئابووری، بۆ نموونە لێرەدا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەزمونی چیللی لەسەردەمی پینۆشێدا

هیوادارم سیستمی سیاسی و ئابووری لەوڵاتەکەی ئێوە بەچەشنێك گەشە بکات، کە ببنە جێی ڕەزامەندی خەڵکی وڵاتەکە



پرۆفیسۆر کریستسان هاریس، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی نۆرس جۆرجیا، و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر بونیادی دیموکراسی و رۆڵی پارتە سیاسیەکان لەدیموکراسیە تازەکاندا، سەبارەت رۆڵی پارتە سیاسیەکان لەم بوارە گرنگە، پرۆفیسۆر هاریس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

پرۆفیسۆر کریستیان هاریس بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئافرەتان بواری بەشداری و گرتنەدەستی پلەوپایە حکومیەکانیان پێنەدرێت ئەوا ناتوانین بانگەشەی ئەوەبکەین دیموکراسی بوونی هەیە

لەو وڵاتانەی تازە لەدەسەڵاتی دیکتاتۆری و شمولی رزگاریانبووە، پەرەپێدانی ژیانی حزبایەتی پێویستی بەماوەیەکی دووردرێژ و پرۆسەیەکی درێژخایەنی پەروەردە و فێرکرن هەیە

*** باسکردنی دیموکراسی بێ حزبی سیاسیی ناکرێت، لەهەمانکاتدا گەورەترین کێشەش کە لەدیموکراتیەکاندا دروستدەبێت، هۆکاری حزبەکانە، ئایا چۆن ئەم پەیوەندیە ئاڵۆزەی نێوان حزبی سیاسیی و دیموکراسی تەرجەمە دەکرێت؟**

- لەڕاستیدا پارتە سیاسیەکان ئامرازێکی گرنگن بۆ گرێدانەوە و پەیوەستکردنەوەی خەڵك و دەسەڵات، پارتە سیاسییەکان گرنگن بۆ پەرەپێدانی مافە دیموکراتیەکان و دامەزراوە دیموکراتیەکان، بەچەشنێك هەر دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو و کارا پێویستی بەو پارتە سیاسیانە دەبێت کە بەشێوەیەکی پیشەگەرانە کار و چالاکیەکانیان ئەنجام دەدەن و کاریان بۆ بەدامەزراوەیی کردنی خۆیانکردووە.

*** بەڵام حزبە سیاسییەکانی جیهانی سێیەم وەك حزبە سیاسییەکانی رۆژئاوا ناتوانن دیموکراتی بەرهەمبهێنن، ئایا هۆکاری ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- دەتوانین بڵێین، پێداویستیە بنەرەتیەکانی دیموکراسی سازدانی هەڵبژاردنی ئازاد و رەخساندنی بواری ململانێی کراوە لەخۆدەگرێت، بەڵام ناکرێت بڵێین دەبێت تەنها شێوەیەکی دیاریکراو پارتە سیاسیەکانمان هەبێت لە تێکڕایی وڵات و کۆمەڵگەکاندا، لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە جیاوازی و جۆراجۆریەکی زۆر بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك یاباندا کە بۆ ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵە تەنها پارتێکی دیاریکراو حکومرانی دەکات و لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین وڵاتێکی دیموکراسی نیە و بواری بۆ ململانێی و ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات نەرەخساندووە. کەواتە دەبێت دۆخ و هەل و مەرجی هەر وڵاتێك بە جیا وەربگرین.

*** چۆن دەتوانین پەرە بەژیانی حزبایەتی بدرێت بۆئەوەی بەهاوشێوەی حزبە سیاسییەکانی رۆژئاوا بتوانن رۆڵی کاریگەر لەکۆمەڵگە بگێڕن؟**

- ئەمە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی تازە

لەدەسەڵاتی دیکتاتۆری و شمولی رزگاریانبووە، پەرەپێدانی ژیانی حزبایەتی پێویستی بەماوەیەکی دوورودرێژ و پرۆسەیەکی درێژخایەنی پەروەردە و فێرکرن هەیە. بەهێزترین و گرنگترین توخمێك لێرەدا جەختی لەسەر بکەینەوە، بە تایبەتی ئەگەر لە ئەزمونی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینەوە بڕوانین بەهێزکردن و کاراکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکانیەتی، بە چەشنێك نابێت ئەم رێکخراوانە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدابن و دەبێت دوور لەدەستێوەردانی دەسەڵات کاروبارەکانی خۆیان رێکبخەن، چونکە لە زۆرێك لەو وڵاتانەی بە چەشنی وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەشەیان نەکردووە، زۆربەی جار سەرچاوەی دابینکردنی دارایی رێکخراو و پارتە سیاسییەکان حکومەتە و ئەمەش رێگری لێدەکات لەوەی داواکاریەکی زۆری لەدەسەڵات هەبێت یاخود فشاری بخاتەسەر بۆ ئەوەی شەفافانە کاربکات. من پێموایە دەبێت رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەم رووەوە هاوکاری بکەن و تەرکیزێکی تایبەتی لەسەر مەسەلەی حکومڕانیتی باش بکەن، واتە بایەخەکانیان لەوەدا چڕبکەنەوە کە ئایا حکومەت و دەسەڵاتەکانی ئەم وڵاتانە بە چ شێوەیەکی کار دەکەن و چۆن حکومڕانیتی دەکەن.

*** ئایا چۆن ئەو پارتە سیاسیەکان دەتوانن هاوسەنگی خۆی لەناو کۆمەڵگە راست بکاتەوە و بەسیاسەتی خۆیدا بچێتەوە؟**

- لێرەدا ئەوەی گرنگە سازدان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد، کراوە و دوور لەساختەکاری و پێشێلکارییە، هەروەها دەبێت بوار و دەرفەت بۆ رکابەری و ململانێیەکی کراوە برەخسێنرێت، چونکە ئەگەر رێز لە کاری دامەزراوەکان نەگیرا، ئەگەر دەسەڵاتێکی قەزائی سەربەخۆ بوونی نەبوو، ئەگەر کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆی هەڵبژاردن لەئارادا نەبوو ئەوا زەحمەتە بتوانرێت بەردەوامی بەبوون و مانەوەی دیموکراسی بدرێت.

*** زۆر لەچاودێران پێیانوایە هاوشانی گەشەپێدانی ئابووری، کۆمەڵگە پێویستی بەگەشەپێدانی سیاسیی هەیە، ئایا بەڕای ئێوە مەبەست لە گەشەپێدانی سیاسیی چییەو ئایا گەشەپێدانی سیاسیی تاچەند دەبێتە هۆکاری هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگە؟**

- لە راستیدا ئەمە بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی پەرەپێدان و بەرەوپێشچوون، مەبەستم ئەوەیە دەبێت کار لەسەر پەرەپێدانی تێکڕایی لایەنەکان بکرێت، گەشەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، هەموویان تەواوکەری یەکترن و ناکرێت لێکیان جیابکەینەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتێکی دیاری کراودا رێز لە مافی کەمینەکان نەگیرا و رێگەی بەشداری کردنیان پێنەدرا، یاخود ئەگەر ئافرەتان پەراوێزخراون و بواری بەشداری و گرتنەدەستی پلە و پایە حکومیەکانیان لێبگیرێت ئەوا ناتوانین دڵنیابین لە بەردەوامبوونی دیموکراسی، یاخود ناتوانین بانگەشەی ئەوەبکەین دیموکراسی بوونی هەیە. یەکێك لە رێگاچارەکان بۆ پتەوکردنی دیموکراسی، بەهێزکردنی دامەزراوەکانە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە لەیەکتری بۆ ئەوەی هەر یەکەیان سنوور بۆ ئەوی تریان دابنێت، هەروەها دەبێت لەدەستوور و یاساکاندا مافەکان زامن بکرێت بۆ نموونە مافی رادەبڕینی ئازاد و بەشداری کردن لە پرۆسەی سیاسی و هتد.

*** سیاسیی ئایا پارتە سیاسیەکان چۆن دەتوانن پەرەپێدانی سیاسیی لە کۆمەڵگە دروست بکەن؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد پارتە سیاسییەکان دەتوانن رۆڵی بەرچاو ببینن لەپەرەپێدانی هۆشیاری و تێگەیشتنی سیاسی هاوڵاتیاندا، ئەوان دەتوانن کەناڵێك بن بۆ رێکخستن و گەیاندنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و بوار رەخساندن بۆ گفتوگۆیەکی کراوە لە نێوان ئەو بیروبۆچونە جیاوازانەدا بۆ گەیشتن بەزەمینەیەکی هاوبەش و بە چارەسەرێکی مام ناوەندی، چونکە ئەگەر بە شێوەیەکی ئاشتیانە گوزارشت لەم بیروباوەڕە جیاوازانە نەکرێت، ئەوا ئەم جیاوازیانە دەبنە سەرچاوەی ململانێی و ناکۆکی و رەنگە سەربکێشن بۆ شەری ناوخۆیش.

*** ئایا پارتە سیاسیەکان تاچەند دەتوانن رۆڵێکی کاریگەر و چالاك بگێرن بۆ بونیادی دەوڵەتی دامەزراوەیی و سەروەری یاسا لە کۆمەڵگەدا؟**

- دەبێت خودی پارتە سیاسییەکان خۆیان دیموکراتیزە بکەن، مەبەستم ئەوەیە لەهەڵبژاردنێکی ئازاد و شەفاف و کراوەدا ئەندام و بەرپرسەکانی خۆیان هەڵبژێرن و سەرچاوەی دارایی خۆیان ئاشکرابکەن، دەبێت بەرنامەیەکی روون و راگەیەنراویان هەبێت، بۆ ئەوەی خەڵك بتوانن زانیاری تەواویان لەبارەوە بزانن بۆ ئەوەی تێگەیشتن و هەڵوێستی خۆیان لە بارەیانەوە گەڵاڵەبکەن، یاخود رووبەڕوی بەرپرسیارێتیەکانی خۆیان بکەنەوە بە پێی ئەو بەرنامەیەی رایان گەیاندووە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەوەی لەوڵاتانی وەك ئێوەدا بەدیدەکرێت ئەوەیە، کە ئەگەر دابەشبوونێکی ئیتنی، ئاینی و تائیفی کولتووری هەبێت ئەوا پڕکردنەوە و کەمکردنەوەی ئەم دابەشبوونانە کارێکی زەحمەتە، بەڵام هەر دەبێت هەوڵی لێکنزیکردنەوەی ئەم لایەنە جیاوازانە بدرێت، ئەمەش کارێکی پێویستە -هەروەها سەختیشە- بۆ ئەوەی بە یەکگرتووی کاربکەن بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکە، ئەگەرچی جیاوازیشیان لەنێواندا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن لە کۆتاییدا نوێنەرایەتی گروپە جیاوازەکانی بکەن، بە تایبەتی ئەگەر لە ئەزمونی وڵاتانی وەك نەیجریا و بەلجیکاوە لەم مەسەلەیە بڕوانین.

**پارتە سیاسییەکان دەتوانن رۆڵی بەرچاو ببینن لەپەرەپێدانی هۆشیاری و تێگەیشتنی سیاسی هاوڵاتیاندا**

**دەبێت خودی پارتە سیاسییەکان خۆیان دیموکراتیزە بکەن، مەبەستم ئەوەیە لەهەڵبژاردنێکی ئازاد و شەفاف و کراوەدا ئەندام و بەرپرسەکانی خۆیان هەڵبژێرن و سەرچاوەی دارایی خۆیان ئاشکرابکەن**



**پرۆفیسۆر جامیس گۆس، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی هارڤارد و یەکێکە لەتۆژەرە باڵاکانی سەنتەری ریچادر ریلی بۆ دیراســاتی حکومەت و ســەرکردەی جەماوەری، لەساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتی پاول ویبەری لەسەر باشــترین دیراسەت لەبارەی ئایین و سیاســەت وەرگرتووە، ناوبراو پسپۆر و تایبەتەمەندیشە لەسەر رۆڵی پارتە سیاســیەکان لەبونیادی دیموکراتی و ســڕینەوەی کولتووری شــەڕ لەکۆمەڵگە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو پرسە گرنگە و رۆڵی پارتە سیاسییەکان پرۆفیسۆر گۆس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## پرۆفیسۆر جامیس گۆس بۆ گوڵان:

# پارتە سیاسیەکان بەرهەمی دیموکراسین، نەک بەرهەمهێنەری دیموکراسی دەبێت پارتە سیاسیەکانیش گەشەکردن و بەرەوپێشچوون بەخۆیانەوە ببینن

تەنها بوونی پارتە سیاسیەکان خۆی لەخۆیدا نابێتەهۆی بەشداریکردن لەهێنانەدی دیموکراسیدا، بەڵکو دەبێت جۆر و سروشتی پارتە سیاسیەکانیش گەشەکردن و بەرەوپێشچوون بەخۆیانەوە ببینن

*** هەندێك لەپسپۆرانی سیاسیی گرنگی حزبی سیاسیی لەو خاڵەدا چردەکەنەوە بەوەی رۆڵی گرنگی حزبەکان ئەوەیە خواســتی تاك بەرزبکەنەوە بۆ ئاستی نیشــتمانی، ئایا ئێوە لەمبارەوە هەمان بۆچوونتان هەیە؟**

- گرنگی پارتە سیاســیەکان لەوەدایە هەڵدەستن بە سادەکردنەوەی ئیختیاری دەنگــدەران، بەواتایەکی دیکە لەڕێی پارتە سیاســیەکانەوە دەنگدەران دەزانن کــە پاڵێــوراوەکان چ بەرنامەیەکیان هەیە و بــە چیەوە پابەنــدن، کەواتە رۆڵیان ســادەکردنەوەی ئەو هەڵبژاردن و ئیختیارەیە کە دەنگدەران لەپرۆسەی دەنگداندا پیادەی دەکەن.

*** ئایا هەموو پارتە سیاســیەکان لەم ئەرکە ســەرکەتوو دەبــن، یان ئەمەش کاتی دەوێت و پێویستە وەك کولتوورێك بچەسپێت؟**

- مــن پێموایە ئەم مەســەلەیە کاتی دەوێت، بەتایبەتــی بۆئەوەی خەڵکی ئاشنابن بەبوون و کار و چالاکی پارتە سیاسیەکان و بە ئەرك و وەزیفەکانیان، بۆ نموونە ئەمە لە وڵاتانی رۆژئاوادا کاتێکی دوورودرێژی خایاند، کە تەنانەت تا ئێســتاش هەندێ جــار ئەو پارتانە دروســتدەبن کە نوێنەرایەتی بەشێکی دیاری کــراوی کۆمەڵگەکــە دەکەن لەبری ئەوەی پابەندبن بە بەرنامەیەکی سیاسی دیاریکراوەوە، مەبەستم ئەوەیە تەنها بوونی پارتە سیاســیەکان خۆی لەخۆیــدا نابێتەهۆی بەشــداریکردن لەهێنانەدی دیموکراسیدا، بەڵکو دەبێت جۆر و سروشــتی پارتە سیاسیەکانیش گەشەکردن و بەرەوپێشچوون بەخۆیانەوە ببینن. دواتر من دەمەوێت خاڵێك ڕوون بکەمەوە ئەویش ئەوەیە من دڵنیانیم لەو لێکدانەوەیەی دەڵێت پارتە سیاسیەکان دیموکراســیان خوڵقاندووە، چونکە لە ئەزمونی ئەوروپادا پارتە سیاســیەکان زیاتــر بەرهەمــی گەشــەکردنی دیموکراســی بوونــە، بەرهەمــی هاتنەئــارای حکومەتێك بوونە کە لە لایەن خەڵکەوە پشتیوانیان لێکراوە، بۆ نموونە فراوانکردنی بواری دەنگدان و بەشــداری کردن لە بڕیاری سیاسیدا هاتنەئارای پارتە سیاســیەکانیان کردە کارێکی پێویست، بەو پێیە من دەتوانم

بڵێم پارتە سیاسییەکان بەرهەمی دیموکراسین، نەك بەرهەمهێنەری. لە ڕاستیدا مەرج نییە لەگەڵ دروستبوونی ئەم پارتانەشدا، ڕاستەوخۆ ئەم پارتانە پارتگەلێکی دیموکراسی بوبێتن، چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد دروستبوونی ئەم پارتانە بۆ فراوانکردنی بواری دەنگدان و بەشداریکردن دەگەڕێتەوە، بەڵام کات و ئەزموونێکی زۆری ویست بۆ ئەوەی ئەم پارتانە ببنە پارتگەلێکی دیموکراسی، چونکە مەرج نیە لە سەرەتادا دیموکراسی بوبێتن یاخود باوەڕیان بە دیموکراسی هەبوبێت، بەڵام دواتر ناچاربوون ڕێز لە بیروبۆچونی جیاواز و لە بوونی ڕکابەر بگرن و لەچوارچێوەی ڕێساگەلێکی دیاریکراودا هەڵسوڕێن، هەڵەکەدا لەوەدایە کە ئەو دیموکراسییەی لەڕۆژئاوادا هەیە کە بەرهەمی ١٠٠ بۆ ١٥٠ ساڵ ئەزمونە ئێمە بمانەوێت لە کاتێکی کەمدا لە وڵاتانی دیکەدا پیادەی بکەین، ئەمە کارێکی زۆر قورسە. لێرەدا دەکرێت بڵێین پارتە سیاسییەکان دەتوانن لە هەندێ ئایدیا و مەسەلەی گشتیدا سوود لە ئەزمونی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا وەربگرن لە مەسەلەی بەرەوپێشبردنی دیموکراسیدا، بەڵام دەبێت لە بنەڕەتدا ئەمە گەشەکردنێکی ناوخۆی بێت، چونکە بارودۆخی وڵاتەکان لێکجیاوازن و کێشەکانیشیان جیاوازن، بەو پێیە لەکۆتاییدا ئەرکەکە هەر لەئەستۆی کۆمەڵگەکە خۆی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی کار بۆ هێنانەدی ئامانجە بکات و بەم ئاڕاستەیەدا کاربکات.

*** لەسیستەمە دیموکراتیەکاندا هەڵبژاردنەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ دەسنیشانکردنی ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان، زۆر لەدوای ئاکامەکانی هەڵبژاردن هەستدەکرێت پارتێکی سیاسیی پاشەکشەی کردووە، ئایا چۆن ئەو پارتە سیاسیە دەتوانێت هاوسەنگی خۆی لەناو کۆمەڵگە راست بکاتەوە و بە سیاسیەتی خۆیدا بچێتەوە؟**

- لەدیموکراسیدا لایەنی سەرکەوتوو و لایەنی دۆڕاو هەیە، بەڵام پارت و لایەنە سەرکەوتووەکان دەتوانن ئەرك و کاری گرنگ ئەدا بکەن بەتایبەتی لەدەسەڵاتی یاسادانانداد، وەك بەشداریکردن لەداڕشتن و دەرکردنی هەندێ یاسادا، وەك چاودێریکردن و ڕەخنەگرتن لەئەدای حکومەت و پێشکەشکردنی پێشنیاری بەدیل، کە ئەم ئەرکانەش بەشێکن لەپرۆسە سیاسیەکە.

*** ئەوەی تۆ ئاماژەت پێکرد لۆژیکانەیە، بەڵام پارتە سیاسیەکان ڕۆڵێکی گرنگ لەپەرەپێدانی سیاسیشدا دەگێڕن، ئایا بەڕای ئێوە پەرەپێدانی سیاسیی چۆن تەفسیر دەکەن؟**

- بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی ئابووری گرنگە و هەندێ کەس بەپێشمەرجی پەرەپێدانی دیموکراسی دادەنێن، بۆ نموونە پێیانوایە دەبێت چینی ناوەڕاست هەبێت و بەشێکی گەورەی خەڵك ئاستێکی باشی پەروەردە و خوێندەواریان هەبێت، بەڵام ئەم مەسەلەیە وەك مەسەلەی هێلکە و مریشکەکەی لێهاتووە، کامیان پێش کامیان، واتە ئایا دەبێت سەرەتا گەشەکردنێکی ئابووری بەرچاو بهێنرێتەدی و دواتر دیموکراسی گەشە دەکات، یاخود بەپێچەوانەوە، من پێموایە دەبێت هەردوکیان هاوشان بەیەك بڕۆن و زۆرجار ئەم دوو بوارە پشت بەیەك دەبەستن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار پارتە سیاسیەکان پێشنیار و پرۆژەی جۆراجۆر دەخەنەڕوو بۆ بەرەوپێشبردنی ئابووری وڵاتەکە، بەڵام ئەمەش دەوەستێتەسەر سروشتی ئەو پارتە سیاسیانە یاخود ئەو ئایدیا و بەرنامانەی کاری بۆ دەکەن، هەروەها دەوەستێتەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامانە کاتێك دەگەنە دەسەڵات.

*** هەستدەکرێت لەپرۆسە دیموکراتیەتازەکاندا بەدحاڵیبوونێك لەنێوان پارتە سیاسیەکاندا هەستی پێدەکرێت، ئایا ئەم بەدحاڵیبوونەش بەتێپەربوونی کات کۆتایی دێت؟**

- لەڕاستیدا ئەمە کێشەیەکی سەخت بووە تەنانەت لەوڵاتانی ئەوروپادا ئەمەریکادا، بۆ نموونە لەسەرەتای سەرهەڵدانی هەردوو پارتە سەرەکیەکەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە هەریەکەیان پارتەکەی دیکەی بە ناشەرعی لەقەڵەمدەدا، زۆرجار هەوڵی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەدرا بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەم حاڵەتەنانە لە وڵاتانی ئەوروپاشدا دووبارە بوونەوە، بەڵام دواتر وردە وردە ئەم حاڵەتە بەرەو کەمبوونەوە کۆتایی چوو، بەچەشنێك ئێستا بەدڵنیاییەوە هەردوو پارتە سەرەکیەکەی ئەمەریکا بە ئاسانی دۆڕان و بردنەوە قەبووڵ دەکەن. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە دەبێت کار و کۆشش بکەین بۆ ئەوەی دۆخێك دروست بکەین کە هەم لایەنی سەرنەکەوتوو ئەنجامەکان قەبووڵ بکات و هەم لایەنی سەرکەوتوش بە لێبوردەی و قبوڵکردن و ڕێزگرتنەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنی سەرنەکوتودا بکات.

*** ئەی چۆن گەیشتنە ئەو ئاستەی پارتە سیاسیەکان کار بۆ سەروەری یاسا و دەوڵەتی دامەزراوەیی بکەن؟**

- ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، من دەڵێم دەبێت هەموو لایەنە بەشداربووەکان دان بەشەرعیەتی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا بنێن لەڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانەوە، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕێسایانە دابڕژێرێت کە چۆنیەتی دەسەڵاتگرتنەدەستی لایەنێکی دیاریکراو دیاری دەکەن و دەبێت ڕێز لەم ڕێاسایانەش بگرێتێت و پەیڕەویان لێبکرێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- بنیاتنان و چەسپاندنی دیموکراسی ئەرکێکی سەختە و پێویستی بەبنیاتنانی دامەزراوەکان و سەرکردایەتیکردن و بەکارکردن هەیە بۆ نوێنەرایەتیکردنی تێکڕایی گروپەکانی کۆمەڵگەکە بۆئەوەی هەستبکەن بەرژەوەندیەکانیان پارێزراوە.

لەدیموکراسیدا لایەنی سەرکەوتوو و لایەنی دۆڕاو هەیە، بەڵام پارت و لایەنە سەرکەوتووەکان دەتوانن ئەرک و کاری گرنگ ئەدا بکەن بەتایبەتی لەدەسەڵاتی یاسادانانداد

بنیاتنان و چەسپاندنی دیموکراسی ئەرکێکی سەختە و پێویستی بەبنیاتنانی دامەزراوەکان و سەرکردایەتیکردن و بەکارکردن هەیە بۆ نوێنەرایەتیکردنی تێکڕایی گروپەکانی کۆمەڵگەکە بۆئەوەی هەستبکەن بەرژەوەندیەکانیان پارێزراوە



پرۆفیسۆر رۆناڵد وینترۆب ئوستادی ئوستادی ئابووری سیاسییە لە زانکۆی وێسترن ئۆنتریۆ، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە ئابورییەکان لەکۆمەڵگە و رۆڵی پارتە سیاسیەکان لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا، بۆ زیاتر رۆچوون بەرۆڵی پارتە سیاسیەکان لەم پرسە گرنگەداو، پرۆفیسۆر وینترۆب بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

نابێت پارتە سیاسیەکان تەنها لەسەر بنەمای ئیتنی بنیاتبنرێن، دەبێت ئەم چوارچێوەیە تێپەڕێنن و خەڵکی بتوانێت ئینتیمای خۆی بۆ پارتە سیاسییەکان بگۆڕێت، بەپێچەوانەوە ناتوانین بڵێین دیموکراسیمان هەیە

## پرۆفیسۆر رۆناڵد وینترۆب بۆ گوڵان:

# پارتە سیاسیەکان دامەزراوەی بنەڕەتین، پارتە هاوچەرخەکان کار بۆ سەروەریی یاسا و ئازادی رۆژنامەوانی دەکەن

*** ململانێ و کێبرکێی سیاسیی لەنێو حزبە سیاسییەکاندا سیمای کۆمەڵگەی دیموکراتی دیاری دەکات، ئایا بێ ئەو ململانێیە دیموکراسی نایەتەدی؟**

- بێ بوونی ململانێ و ڕکابەری دیموکراسی بوونی نابێت، ململانێش لەنێوان تاکەکەسەکاندا ناکرێت، بەڵکو دەبێت لەچوراچێوەی سیستمە سیاسیەکەدا پارتە سیاسییەکان ڕکابەری یەکتری بکەن لەڕێی خستنەڕووی بەرنامەکانیانەوە، هەمو دیموکراسیەتێك ئەمە لەخۆدەگرێت، بەپێچەوانەوە سیستمە سیاسیەکان ئەو دامەزراوەنەیان نابێت کە ئەم جۆرە کێبڕکێیە ڕێکبخەن.

*** ئایا ئەو پارتە سیاسیانەی بەشداری دەکەن چ جۆرە پارتێکی سیاسین؟**

- هەندێجار پارتگەلێکی چەپڕەون هەندێجار ڕاستڕەون، بۆی هەیە پارتی ئاینی بن و بۆی هەیە پارتێکی دژە ئاینی بن، زۆرجار بەرنامەیەکی دیاریکراو دەخەنەڕوو کە هەندێجار بەرنەمایەکی ئاڵۆزە، وەك بەرنامەی پارتی دیموکراتەکان و پارتی کۆماریەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، یاخود پارتی موحافیزکار یان پارتی نیولبراڵەکانی کەنەدا، بە هەمان شێوە پارتی کاری بەریتانیا. ئەم پارتانە بەرنامەیەکی ئاڵۆزیان هەیە.

*** بەڵام لەوڵاتانی رۆژهەڵات گەلێك جار فرەحزبی و ململانێش هەیە، بەڵام بەهاوشێوەی رۆژئاوا دیموکراتی بەرهەمنایەت، ئایا ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- تەنها بوونی پارتە سیاسیەکان بەس نییە، بەڵکو دەبێت ڕێککەوتن و ڕازیبوون هەبێت بەوەی ئەو پارتە سیاسیەی زۆرینەی دەنگەکانی مسۆگەرکردووە حکومەت پێکبهێنێت، هەروەها نابێت پارتە سیاسیەکان تەنها لەسەر بنەمای ئیتنی بنیاتبنرێن، دەبێت ئەم چوارچێوەیە تێپەڕێنن و خەڵکی بتوانێت ئینتیمای خۆی بۆ پارتە سیاسییەکان بگۆڕێت، بەپێچەوانەوە ناتوانین بڵێین دیموکراسیمان هەیە. بەڵام گەورەترین کێشە لەوڵاتانی جیهانی سێ و رۆژهەڵات، بریتییە لە وونی گەندەڵی، سیستمی پارتایەتی

لەجیهانی سێیەم گەندەڵە، هەروەها هەندێکجار ئاکامی هەڵبژاردنەکان قبوڵناکەن، بەڵام گەورەترین کێشە گەندەڵیە، بۆ نموونە کاتێك پارتە سیاسیەکان دەگەنە دەسەڵات ئەوا داهاتی وڵاتەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنن لە بری ئەوەی بۆ خزمەتکردنی خەڵك بەکاری بهێنن، بە چەشنی ئەوەی لە ئەفغانستاندا بەدی دەکرێت، هەروەها کێشەی قەبووڵنەکردنی دەرئەنجامەکانیش لەئارادایە، بەڵام وەك ئاماژەم پێکرد کێشەی سەرەکی بوونی گەندەڵیە. لە دیموکراسیدا پێویستیمان بە دامەزراوەگەلی جیاواز هەیە، یەکێك لەوانە پارتە سیاسیەکانە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت ڕۆژنامەگەریەکی ئازاد لە ئارادابێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەدواداچوون بکات بۆ حاڵەتەکانی گەندەڵی و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکات و ئاشکرایان بکات، لەهەمانکاتدا پێویست بەچەسپاندنی سەروەری یاسا دەکات.

*** چۆن گەندەڵی لەسیستمی پارتە سیاسیەکاندا چارەسەر دەکرێت یان لانی کەم ڕووبەڕووی ببینەوە؟**

- دەبێت پارتە سیاسیەکان هەڵبژێردرێن، بەڵام بۆئەوەی دەنگیان پێ بدرێت دەبێت بزانن خواست و ویستی خەڵك چییە بۆئەوەی لەچوارچێوەی بەرنامەیەکدا ڕێکی بخەن تاوەکو بتوانن پشتیوانی و متمانەی خەڵك بەدەست بهێنن. بۆیە کاتێك پارتێك ڕووبەڕووی بێ متمانەی جەماوەر دەبێتەوە دەبێت بتوانێت بەرنامەی خۆی بەپێی خواستی جەماوەر دابڕێژێتەوە.

*** چۆن دەتوانرێت سیستمی پارتەیاتی جیهانی سێیەم هاوشانی سیستمی پارتایەتی هاوچەرخ بونیاد بنرێتەوە؟**

- پارتە سیایەکان زۆر گرنگن، دامەزراوەی بنەرەتین، پارتە هاوچەرخەکان کار بۆ سەروەریی یاسا و ئازادی ڕۆژنامەوانی دەکەن، دەبێت پارتە سیاسیەکان بتوانن ڕکابەریێتی بکەن و ئەو لایەنەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا بتوانێت حکومەت پێبکهێنێت، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەمە بەتەنها بەس نییە، بەڵکو دەبێت یاسا سەروەر بێت، دەبێت ڕۆژنامەگەریەکی ئازاد لەئارادا بێت بۆئەوەی بتوانێن بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەکار و ڕەفتاری پارتە سیاسییەکان بکات و لەڕێی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانەوە ئاشکرایان بکات. ئەمانە میکانیزمی بەرەوپێشچوونی دیموکراسین، ئەمانە پێشمەرجی پێشخستنی دیموکراسین.

*** هەندێك لەپسپۆران پارتە سیاسییەکان بەهۆکارێکی لەبار دەزانن بۆ پەرەپێدانی سیاسیی، ئایا پارتە سیاسیەکان چۆن دەتوانن پەرەپێدانی سیاسیی لەکۆمەڵگە دروستبکەن؟**

- پارتە سیاسییەکان دەتوانن لەڕێی بەرنامەکانیانەوە ئەم کارە بکەن، بۆ نموونە لەکۆریای باشووردا لەڕێی پەرەپێدانی سیاسەتێکی ئابووری پشتبەستوو بەهەناردەکردن، توانیان گەشە بەئابووری وڵاتەکە بدەن و دۆخی ئابووری خەڵکەکە بەرەوپێشەوە ببەن، لە بەنگلادیشدا لە ڕێی ئاسانکاری کردن بۆ پرۆژەی قەرزی بچوك، کە ئێستا هەمو پارتە سیاسیەکان پشتگیری دەکەن، هەروەها دەتوانین ئاماژە بەهیندستان بکەین وەك گەورەترین وڵاتی دیموکراسی کە ئەزمونێکی سەرکەوتووە لەنێو وڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا، لەکاتێکدا دەتوانین ئاماژە بەدژە نموونەیەك بکەین کە ڕووسیایە، سەرەڕای ئەوەی پارتی سیاسی لەم وڵاتەدا هەیە، بەڵام لەڕووی ئابووری و دیموکراسییەوە گەشەی نەکردووە، دەبێت پارتە سیاسیەکان خۆیان لەگەندەڵی بەدووربگرن، بۆیە گرنگترین شت ئەوەیە لەم ڕووەوە دەستەیەکی سەربەخۆ هەبێت بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی، دەبێت ئەم دەستەیە سەربەخۆ بێت لە پارتە سیاسیەکان، بۆئەوەی هەڵبستێت بەلێکۆڵینەوە لەحاڵەتەکانی گەندەڵی و ئەو کەسانەی بەرپرسن لێی بداتە دادگا، هەروەها دەبێت دەسەڵاتی قەزائی و هێزەکانی پۆلیسیش سەربەخۆبن و لەژێر دەسەڵاتی پارتە سیاسیەکاندا نەبن.



لەکۆریای باشووردا لەڕێی پەرەپێدانی سیاسەتێکی ئابووری پشتبەستوو بەهەناردەکردن، توانیان گەشە بەئابووری وڵاتەکە بدەن و دۆخی ئابووری خەڵکەکە بەرەوپێشەوە ببەن

دەتوانین ئاماژە بەدژە نموونەیەک بکەین کە ڕووسیایە، سەرەڕای ئەوەی پارتی سیاسی لەم وڵاتەدا هەیە، بەڵام لەڕووی ئابووری و دیموکراسییەوە گەشەی نەکردووە

پرۆفیسۆر عەلی قەرەداخی بۆ گوڵان:

# مسعود بارزانی بەڕاستی سەرۆکێکی سەروەرە و خەمەکانی ئەو جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و خۆشگوزەرانی خەڵکە و دەبێت هەمووومان هاوکاری بکەین



گۆڤاری گوڵان لەدڵی مندا تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، مێژوویەکی دێرینی گەلی کورد و ناوی جەنابی بارزانی نەمرمان بیردێنێتەوە

■ ■ ■

پرۆفیسۆر عەلی محێدین قەرەداخی سەرۆکی رابیتەی ئیسلامی کوردە و ئوستاد و سەرۆکی بەشی فقە و ئسوڵە لەکۆلیژی شەریعە لەزانکۆی دهۆك و سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەمینداریەتی زانکۆی قەرەداخیشە بۆ پەرەپێدانی مرۆیی، پرۆفیسۆر قەرەداخی لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و پاشانیش هەتا دوای راگەیاندنی ئاکامە فەرمیەکانی هەڵبژاردن لەکوردستان بوو، لەم ماوە هەستیارەدا پرۆفیسۆر قەرەداخی وەك کەسایەتێکی بێلایەن لەقەوارە سیاسییەکانی ناو ململانێکە خۆی پیشانداو لایەنگیری هیچ لایەکی نەکرد، بۆیە وەك بەڕێزی لەم دیدارە تایبەتە بەگوڵانی راگەیاند ئەو بێجگە لەپەیامێك بۆ گەلی کورد کە تێیدا داوای کردووە رێز لەجوانی هەڵبژاردن و ئەو ئازادیەی لەکوردستاندا بەدیهاتوون بگرن هیچ پەیامێکی دیکەی نەبووە، لەلایەکی دیکە پرۆفیسۆر قەرەداخی بانگەشەی ئەوەش دەکات کە پێویستە هەڵوێستی هێز و قەوارە سیاسییەکان بۆ بەشداربونیان لەهەڵبژاردنەکانی عێراق، دەبێت جیاواز بێت لەو هەڵوێستەی لەهەڵبژاردنەکانی کوردستان پیادەیان کرد و گرنگە بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق یەکهەڵوێستی گوتاری کوردی پارێزراو بێت، لەم سۆنگەیەوە بۆ قسەکردن لەسەر پرسە گەرمەکانی ئەمڕۆی کوردستان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیەی دوای هەڵبژاردنەکانی کوردستان هاتوونە ئاراوە، ئەم وتوویژەمان لەگەڵ بەڕێز پرۆفیسۆر قەرەداخی ئەنجامدا.

■ ■ ■

*** سەرەتا بەناوی گۆڤاری گوڵان بەخێرهاتنەوەی بەڕێزتان دەکەین بۆ کوردستان، دەسپێکی ئەم دیدارە لەو خاڵەوە دەستپێدەکەین کە سەردانی ئەمجارەی بەڕێزتان بۆ کوردستان، هاوکات بوو لەگەڵ پرۆسەیەکی گرنگ و مێژوویی، کە ئەویش هەڵبژاردنەکانی کوردستان بوو، لەم پرۆسەیەدا وەك ئێوەش بینیتان کۆمەڵێك قەوارەی سیاسیی هەمەڕەنگ بەشداربوو، ململانێیەکی سیاسیی توند هەبوو، ئایا ئێوە ئەم پرۆسەیە لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و ئێستاش کە ئاکامەکانی هەڵبژاردن راگەیەنراوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- بسم الله الرحمن الرحیم. ئێمەش زۆر سوپاسی هاتنی گۆڤاری گوڵان دەکەین، لەڕاستیدا گۆڤاری گوڵان لەدڵی مندا تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، مێژوویەکی دێرینی گەلی کوردمان بیردەخاتەوە، ناوی جەنابی بارزانی نەمرمان بیر دێنێتەوە، بۆیە من تەقدیرێکی زۆرم بۆ گوڵان هەیە، هەروەها بۆ ئێوەش کە تەشریفتان هێناوە.

سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، هاتنی من بۆ کوردستان لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بوو، بۆیە هەستمکرد وەك کەسێکی دڵسۆز بۆ میللەتەکەی خۆی و بێلایەن لەقەوارە سیاسییەکان، پێویستە هەڵوێستی خۆمان راشکاوانە دەرببڕین، بۆیە پەیامێکمان دەرکرد، لەو پەیامەدا ئەوەی ئێمە بڕوامان پێبوو لەچەند خاڵێکدا ئاماژەمان پێکرد:

أ- ئەم هەڵبژاردنە پرۆسەیەکی زۆر پیرۆزە. نابێت بەهیچ جۆرێك لەململانێی حزبایەتی بترسین، بەڵام بەمەرجێ ململانێکان لەبازنەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و سەوابتەکانی گەلی کورد دەرنەچێت.

ب- ئەو ئازادیەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە شتێکی زۆر رێکوپێکە.

ت- داوام لەگەلی کورد ئەو دەنگەی هەیەتی ئەمانەتە، پێویستە بیداتە ئەو کەسەی بەلای خۆیەوە شایەنی ئەو دەنگەیە. ئەمەش شاهەدیەو گرنگی خۆی هەیە، واتە تۆ دەتوانی بەدەنگێك کەسێك دووربخەیتەوە و کەسێکی دیکە هەڵبژێریت.

ث- خاڵێکی دیکە کە ئاماژەم پێکرد ئەوەبوو، ئێمە چەند ململانێی حزبایەتی بکەین، نابێت بگاتە ئەو ئاستەی دوژمن تەماحمان تێبکات. چونکە بەداخەوە ئەوە دەڵێم، خوا وایکردووە بۆ گەلی کورد کە دوژمنانی مێژوو و جوگرافیەکەی زۆرن، ئەگەر نەشڵێین دوژمن ئەوا ناحەزانی زۆر زۆرن. بۆیە ئەگەر خۆمان وەك گەلی کورد لەناوخۆماندا زۆر یەکگرتوو نەبین بەرامبەر دەرەوە، ئەوا ناتوانین هیچ کارێك بکەین.

بەتایبەتی کە تائێستا میللەتی ئێمە قەوارەیەکی سیاسیی فەرمی نێودەوڵەتی نییە. تەنانەت بارودۆخی کوردستان وەکو ئەفغانستانیش نییە، ئەفغانستان ئەوە ماوەی ۳۰ ساڵە شەڕدەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەفغانستان بەفەرمی دەوڵەتە و نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەمریکا پارێزگاری لێدەکەن. یان سۆماڵ ماوەی زیاتر لە ۳۰ ساڵە شەڕی تێدایە، هیچ هەڕەشەیەك لەسەر ئەو دەوڵەتە نییە وەك دەوڵەت، بەڵام بۆ ئێمە خوانەخواستە هەر شتێك روویدات یان هەر لەرزینێك روویدات، من وا دەزانم ئەگەر هەموو شتێکمان لەدەستنەچێت، ئەوا زۆر دەسکەوتی گرنگمان لەدەستدەچێت. لەگەڵ ئەوەی من دڵنیام قەوارە سیاسییەکان ئەم هەڕەشە و مەترسیانە دەبینین، بەڵام دیسان من داوام لێکردن هەموو لەئاستی ئەم بەرپرسیاریەتیەدا بن. ئێستاش من وادەزانم ئەو خاڵانەی کە باسکراون، ئێستاش دوای هەڵبژاردنەکان هەموویان وەك خۆیان ماون، بۆیە دەبێت هەموو پێکەوە لەناو بازنەی سەوابتەکانی گەلی کورد پێکەوە کاربکەین، لەئایندەیەکی نزیکدا حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت، بۆیە ئەوەی گرنگە هەموو پێکەوە لەناو ئەو بازنەیە بین، ئەوە گرنگ نییە کێ بەشداری حکومەت دەکات و کێ دەبێتە ئۆپۆزسیۆن، ئەمە کارێکی سروشتی ئاساییە، لەبەرئەوەی گەمەی دیموکراتی بەوشێوەیە جارێك لایەنێك پێشدەکەوێت جارێکی دیکە لایەنێکی دیکە، جارێك لەدەسەڵات دەبێت جارێکی دیکە لەئۆپۆزسیۆن دەبێت، من وای دەبینم ئەم شێوازە پرۆسەکە زیاتر پێشدەخات، ئەگەر وانەبێت و هەموومان وەك یەك بیربکەینەوە یان هەموومان لەسەر یەك شێواز رێکبکەوین، من پێموایە ئەوکاتە هەست بەسستی دەکەین. بەڵام ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی چالاك و ئیجابی هەبێت، ئەوا لایەنی بەرامبەریش هەستدەکات لایەنێك هەیە لێی دەپرسێتەوە رەخنەی لێدەگرێت. بۆیە ئەویش زیاتر چالاك دەبێت.

ئاکامی هەڵبژاردنەکانیش دەریانخست و سەلماندی کەوا گەلی کورد دەتوانێت هەڵبژاردنێکی باش بکات، هەرچەند خروقاتیشی تێدابووبێت، بەڵام خروقاتەکان شتێکی کەمبووە، ئەو رێژەیە بۆ وڵاتێك ژمارەی دانیشتوانی ٤-٥ ملیۆن هاوڵاتی بێت، شتێکی ئەوتۆ نەبووە، ئەگەر لەسەر ئاستی جیهانی سێیەم و دەوڵەتانی عەرەبی بەراوردی بکەین، دەتوانین بڵێین الحمد لله پرۆسەیەکی باش و سەرکەتوو بووە و گەیشتۆتە پلەی خۆی و دەبێت ئاکامەکانی قەبوول بکرێت، هەرواش بوو وەك بینیمان هەموو پارتەکان الحمدلله ئاکامەکانیان قەبوولکرد.

بەمەزندەی من، پێموایە لەئێستاوە دووقۆناخی دیکەمان لەبەردەمدایە:

یەکەم/ قۆناخی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئۆپۆزسیۆن. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت بزانین گوتاری ئێمە بۆ دەرەوە دەبێت چۆن، دەبێت پەیامان بۆ دەرەوە ئەوەبێت ئێمە چۆن ئەم پرۆسەیە بەڕێوەدەبەین، لەبەرئەوەی ئێستا هەموو جیهان سەیری ئێمە دەکات و دیانەوێت بزانن ئێمە چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەین، ناحەزانی کورد، یان ئەوانەی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندی کورد یەکنەگرێتەوە، دەیانەوێت بزانن ئایا کورد لەناو خۆیدا بۆشاییەك دروست دەکات بۆئەوەی لەو بۆشاییەوە دزە بکەنە ناو ریزەکانمان؟ بۆیە دواکاری من لەم قۆناخەدا لەتێکرایی قەوارە سیاسییەکان ئەوەیە، ئەوەی ئۆپۆزسیۆنە، با بەشێوەیەکی ئیجابی کاری ئۆپۆزسیۆنی

**بارودۆخی کوردستان وەکو ئەفغانستانیش نییە، ئەفغانستان ئەوە ماوەی ۳۰ ساڵە شەڕدەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەفغانستان بەفەرمی دەوڵەتە و نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەمریکا پارێزگاری لێدەکەن. هیچ هەڕەشەیەک لەسەر ئەو دەوڵەتە نییە وەک دەوڵەت**



لەو چوارچێوەیەدا بێت کە پەیامێك نەدات بەدەرەوە بەوەی خوانەخواستە ئامادەباشیم بۆ کاریك هەیە کە زیان لەبەرژەوەندیەکانی گەلی کورد بدات.

دووەم/ پەرلەمانی کوردستان سەرەنجام ئەو چادرە دەبێت کە هەموومان پێکەوە کۆدەکاتەوە، بۆیە دەتوانین لەژێر سەقفی پەرلەماندا هەموو ململانێی خۆیان بکەن، ئەمەش ئوسولی خۆی هەیە، دەتوانن رەخنە بگرن، دەتوان لێپرسینەوە بکەن، بۆیە پێویستە ئێمە نە لەئوسولی ئۆپۆزسیۆن دەربچین، نە لەئوسولی هاوبەشی یان موشارەکە دەربچین.

* بەرێزت ئاماژەت بە قۆناخێکی گرنگ کرد، ئەویش قۆناخی راگواستنە کە ئێستا پێیدا تێدەپەرین، لەم قۆناخەدا ئێوە ئۆپۆزسیۆن بەمەسەلەیەکی ئاسایی سەیر دەکەن، ئایا بۆ ئەم قۆناخە ئێوە لەنێوان حکومەتی ئیستحقاقی ئینتخابی و حکومەتی بنکەفراوانی نیشتمانی کامیان بەپەسەندتر دەزانن؟ بەتایبەتی کە لەقۆناخی ئاییندە بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەچین و پێویستمان بەیەکگرتوویی گوتاری سیاسیی کورد هەیە؟

- من وای دەبینم ئەو قەوارەسیاسیانەی دەچنە ناو پەرلەمان هەر شێوازێك لەو دووشێوازە بۆ پێکهێنانی حکومەت پەسەند بکەن، ئەوا هەردووکیان شەرعی و دروستن، ئەگەر حکومەتەکە حکومەتێکی بنکەفراوانی نیشتمانی بێت، بیگومان شتێکی زۆرباش دەبێت بۆ دەرەوە، مانای وایە بۆ یەك گوتاری کێشە کەمتردەبێت، ئەگەر موعارەزەش هەبێت بەڵام موعارەزەیەکی مولتەزیم بێت ئاساییە، واتە دەبێت دووشت هەبێت:

١- وەك عەرزی جەنابی کاك مسعود بارزانیشم کرد، پێویستە ئێمە میساقێکی شەرەف لەنیوانماندا هەبێت، لەراستیشدا ئەمە لەهەموو جیهاندا هەیە، ئەمەش واتە دەبێت میساقێکی شەرەف هەبێت بۆ هەموو پارت و قەوارە سیاسییەکان و سەرجەم میدیاکان کە لەبازنەیەکی دیاریکراودا چەند خاڵێك لەبەرچاوبگرن، بەو خاڵانە بگوترێت خاڵی سوور و نابێت لێیاندەرچین، بۆ نموونە (فیدراڵیەت بۆ گەلی کورد لێی دەرنەچین، بەرامبەر بەناوچە جێناکۆکەکان هەموومان یەك گوتارمان هەبێت، پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی تائێستا بەدەستهاتوون) لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بەحاڵەتێکی کۆنی مێژوویی هۆز و خێڵەکانی کوردستان بکەم، دەڵێن کاتی خۆی لەناو هەر هۆز و خێڵیکدا ناکۆکی و کێشە هەبووە، بەڵام کە رووبەرووی هۆز یان خێڵێکی دیکە بوونەتەوە، چوونەتە سەربەردێك و گووتوویانە ئێمە هەموو کێشە و ناکۆکیەکانی خۆمان دەخەینە ژێر ئەم بەردە هەتا ئەو کێشەی لەگەڵ هۆزەکەی دیکە چارەسەردەکەن، بۆیە وەك برا بۆ کێشەکە هاودەنگی یەکتری بوون، کە دەگەڕانەوە دەهاتنەوە سەرکێشەکانی خۆیان، ئێمە ناڵێین بگەڕێنەوە سەر کێشەکانی خۆیان بەڵام ئومێد دەخوازین بۆ دەرەوە گوتاری یەکگرتوومان هەبێت، کەواتە لەم روانگەیەوە ئەگەر موعارزەیەکی مولتەزیم هەبێت، ئەوا موعارزە زۆر خزمەتی پرۆسە دیموکراتیەکە دەکات، زۆر خزمەتی پرۆژە ئابورییەکان دەکات، زۆر خزمەتی پرۆسە سیاسیەکە دەکات، بەڵام بەمەرجی ئیلتزام بۆ سەوابتە نیشتمانییەکان هەبێت، ئیمە لەم رووەوە قاعیدەیەکی شەرعیمان هەیە دەڵێت (لابردنی گەندەڵیەك یان شتێکی خراپ، گەلێك باشترە لەبەدیهێانی بەرژەوەندیەکی خۆت)، بۆیە لەوانەیە حزبێك بتوانێت جەماوەرێك یان سوودێك بۆ حزبەکەی خۆی بهێنێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەمە لەسەر چ بنەمایەك بێت؟ ئەگەر ئەم سوودە یان ئەم جەماوەریبوونە لەسەر حسابی ئەوە بێت زیان لەبەرژەوەندی گەلی کورد بدات، من وا دەزانم شتێکی زۆر خراپە. ئومێد دەخوازم یەکەم دانیشتنی پەرلەمان لەسەر ئەوە موناقەشە بکرابایە، ئایا ئەو هێڵانە چین کە نابێت ببەزێنرێن؟ ئایا دەبێت گوتار و پەیامی ئێمە چۆن بێت بۆ دەرەوە بەتایبەتی لەم کاتەدا کە خەڵك پەیامی ئێمە دەخوێنێتەوە؟ ئێمە لەدەروە دەژین ئەوە دەزانین زۆرجار لەدەرەوە پەیامێکی هەڵە وەردەگرن و لەسەر ئەو پەیامە تەفسیری کوردستان دەکەن. خوای گەورە دەفەرمووێت (ولاتنازعوا، فتفشلوا و تژهب ریحیکم) ئەمەش واتە (ئەگەر نیزاعمان کرد، ئەوا لەپرۆژەکەماندا فاشیل دەبین، کە فاشیلیش بووین، هێزەکەمان دەڕوات، کە هێزەکەشمان رۆیشت، دوژمن زاڵدەبێت بەسەرماندا) مێژووی گەلی خۆشمان ئەو راستیەمان پێدەڵیت، کورد هەرگیز بەشەڕ شکستی بەسەرنەهاتووە، بەڵام کەی شکستی بەسەرداهاتووە؟ بێگومان ئەوکاتەی یەکگرتوو نەبووە، بۆیە دەبێت پەرلەمان وەك چەتری کورد

دەبێت پەیامیمان بۆ دەرەوە ئەوەبێت ئێمە چۆن ئەم پرۆسەیە بەرێوەدەبەین، لەبەرئەوەی ئێستا هەموو جیهان سەیری ئێمە دەکات و دەیانەوێت بزانن ئێمە چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەین

هەستمکرد جەنابی سەرۆك بارزانی، هەستێکی گەورەی بەرپرسیاریەتی هەیە، ئەوەم زۆر پێخۆش بوو لەبەرئەوەی ئەگەر ئینسان هەستی بەبەرپرسیاریەتی کرد مانای وایە دەتوانێت شت بکات

نەك چەتری حزب، پێویستە چەند سەوابتێك دابنێت، بۆئەوەی پەیامی ئێمە بۆ دەرەوە پەیامێكی یەكگرتوو بێت. با جیاوازیمان هەبێت ئاساییە، ئەمجۆرە جیاوازیە لەشەرعدا پێیدەگوترێت جیاوازی لەپێناوی فرەییدا نەك لەپێناوی دژایەتی، ئەمەش واتە من برای تۆم بەڵام لەگەڵ تۆشدا جیاوازیم هەیە لەبۆچوونێكدا، بۆیە من بوونی ئەم جیاوازیە بۆ خزمەتی گەلی كورد بەپەسەند دەزانم . خوای گەورەش دەفەرموێت ئێوە ململانێ بكەن بەڵام ململانێكەتان بۆ خێر بێت (وفی ذلك فلیتنافسوا المتنافسون)، بۆیە زۆرگرنگە ئەم پەیامە بەدەرەوە بدەین.

*** ئێوە لەسەرەتا بەوجۆرە وەسفی خۆتانكرد و گوتت من بێلایەنم لەگەڵ حزب و قەوارە سیاسییەكان و لایەندار بۆ میللەتی خۆم، بۆیە ئەم كەسایەتیە بێلایەنەی ئێمە ئێستا لەگەڵی دانیشتووین، پێمانوایە یەكەم كەس بووە دوای هەڵبژاردنەوەی بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەلایەن گەلی كوردستانەوە، ئێوە لەگەڵ سەرۆكی كوردستان دیدارتان كردووە، ئایا ئێوە ئەم هەڵبژاردنەی سەرۆك لەلایەن گەلی كوردستانەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن، هەروەها ئێوە چاوەڕێی چی لەسەرۆكی كوردستان دەكەن؟**

- هەقیقەتەن پەیوەندی من لەگەڵ جەنابی كاك مسعود بارزانی پەیوەندیەكی كۆنە و كەسێكی زۆر عەزیزە لای ئێمە، هەمیشە ئەو سەرۆكێكی سەروەرە بەڕاستی. هەروەها پێوەندیم لەگەڵ خاوەن ڕێز مام جەلال سەرۆك كۆماری عێراق زۆر مێژووییە، هەروەك پێوەندیم لەگەڵ هەموو كەسایەتییە سیاسییەكانی كوردستان هەیە و ڕێزی تایبەتم بۆ هەموولایەك هەیە. بەڵام وەك ئێوە ئاماژەتان پێكرد، لەدوای هەڵبژاردن من یەكێك بووم لەوانەی دوای ئەوەی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردا بەخزمەتی گەیشتم، لەماوەی ئەو ٤٥ خولەكەی لەخزمەتیدا دانیشتم، هەستمكرد جەنابی سەرۆك بارزانی، هەستێكی گەورەی بەرپرسیاریەتی هەیە، ئەوەم زۆر پێخۆش بوو لەبەرئەوەی ئەگەر ئینسان هەستی بەبەرپرسیاریەتی كرد مانای وایە دەتوانێت شت بكات، ئەگەر هەستی بەبەرپرسیاریەتی نەكرد مانای وایە بێ خەمە، ئەمە لای ئێمە زۆرگرنگ بوو، لەبەرئەوەی هەركەسێك بەرپرسیایەتی خۆی و مافی خۆی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە گەلیش ئەركی لەسەرشانە و مافی خۆشی هەیە، لەگەڵ جەنابی سەرۆك لەسەر ئەم مەسەلەیە باسێكی زۆرمانكرد.

سەبارەت بەهەڵبژاردنیشی لەلایەن گەلەوە ڕاستەوخۆش، من وا هەستەكەم جەنابی سەرۆك بەڕێز مسعود بارزانی هەنگاوێكی زۆرباشی هەڵگرت كە بڕیاریدا ئەم هەڵبژاردنە ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە ئەنجامبدرێت، لەبەرئەوەی سەرۆك دەیتوانی لەلایەن پەرلەمانیشەوە هەڵبژێرێت، بۆیە ئەمە خاڵێكی گرنگە و من بەباشی دەزانم ئەم خاڵە كاری لەسەر بكرێت واتە پەیوەندی كاك مسعود بارزانی لەگەڵ گەلی كوردستان. نەك پەیوەندی جەنابی كاك مسعود لەگەڵ حزبەكان و حزبەكان هەڵیبژێرن بۆ سەرۆك. ئەمە مانای ئەوەیە جەنابی كاك مسعود لەو چوارچێوەیە دەردەچێت كە سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستانە بۆ سەرۆكی كوردستان و باوكی كورد. بۆیە من وا هەستدەكەم ئەگەر كاك مسعود بارزانی بیویستایە بەڕێگەی هەڵبژاردنی حزبەكان ببووایە بەسەرۆك زۆر بەئاسانتر دەیتوانی ببێتە سەرۆك، بۆیە مادام ئەم دەرچەرخانەی كردووە لەحزبەكانەوە ڕاستەوخۆ بۆ گەل و گەلیش هەڵیبژاردووەو گەلیش بەتەنها پارتی و یەكێتی نییە، بەڕێژەی ٧٠٪ دەنگیان پێداوە، كە ڕێژەیەكی زۆرە بەپێوانەی دەوڵەتە دیموكراتیەكان، بۆیە من پێشبینی ئەوە دەكەم كاك مسعود زۆر گۆڕانكاری بەسەردادێت، ئەویش ئەوەیە لەسەرۆكایەتی پارتییەوە دەگۆڕێت بۆ سەرۆكی كوردستان، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە، ئاشكرایە و ڕاستە، كوردستان دەسكەوتی باشی هەبووە، بەڵام هەتا ئێستاش كێشە و گرفتی زۆرە، من كاك مسعود بارزانیم بینی زۆر خەمی هەیە بۆ ئەو شتانەی كە تائێستا تەواونەكراون، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەیگرێتەوە، من عەرزی جەنابیشم كرد و گوتم هەقە ئەم خەمانەی جەنابت هۆیەكانی ڕاگەیاندن بیگەیەنێتە گەلی كوردستان، بۆئەوەی گەلیش لەگەڵتدا موتەفاهیم بێت، لەبەرئەوەی ئەم خەمانە خەمی نەتەوەی كوردن، بۆئەوەی هاوكاریت بكەین و ئەو كێشانە چارەسەر بكەین، پێموایە ئەگەر ئەو خەمەی سەرۆك بارزانی هەیەتی لای هەموو كەس هەبێت، من دڵنیام زووتر دەگەینە ئەنجام و چارەسەر، خاڵێكی دیكە كەمن لەكاك مسعود هەستم پێكرد ئەوەیە، جەنابی دەیەوێت بەرنامەیەك یان پلانێك دابنرێت، بۆ پێشكەوتنی گەلەكەمان، منیش عەرزم كرد و گوتم: جەنابی كاك مسعود ژاپۆن لەژێر سفرەوە دەستی پێكرد پلانێكی ٥٠ ساڵەی دارشت و دابەشیكرد بەسەر چەند قۆناخێكەوە، گەیشتە ئەو پلەی ئێستا دەیبینین) ئێمە سوپاس بۆ خوا دەتوانین زۆر شت بكەین، بەڕێزی جەختی لەسەر ئەوە كردەوە، كە پێویستە گەلی كوردستانیش هەمان كاربكات، لەهەمانكاتدا و لەچوارچێوەی ئەو سەوابتە نیشتمانیانەی پێشتر باسمانكرد، هەستمكرد كاك مەسعود زۆر حەریصە لەسەر ئەوەی (ئێمە چەند جیاوازیمان هەبێت لەسەرسەر و لەسەرچاو (بە نص ئەم قسەیەی كرد)، بەڵام با ئەم جیاوازیانە نەبێتە هۆكارێك بۆئەوەی زیان لەكێشە سەرەكیەكانمان بدات، بەتایبەتی ئێمە هێشتا زۆر كێشەمان هەیە چارەسەرنەكراون)، بۆیە من پێموایە ئەم مەسەلانە ئەولەویەتی بەرنامەی سەرۆك دەبن:

١- مەسەلەی جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠

٢- مەسەلەی پەرەپێدان و بوژانەوەی كوردستان.

٣- مەسەلەی بوونی ئۆپۆزسیۆنێكی ئەكتیڤ لەچوارچێوەی سەوابتە نیشتمانییەكانی گەلی كورد.

بۆیە ئێمە لەو ماوەیەی لەگەڵ بەڕێزی دانیشتن هەستمانكرد سەرۆك مسعود بارزانی لەماوەی ٤ ساڵی داهاتوودا،

**دەبێت میساقێكی شەرەف هەبێت بۆ هەموو پارت و قەوارە سیاسییەكان و سەرجەم میدیاكان كە لەبازنەیەكی دیاریكراودا چەند خاڵێك لەبەرچاوبگرن، بەو خاڵانە بگوترێت خاڵی سوور و نابێت لێیاندەرچین**

**من كاك مسعود بارزانیم بینی زۆر خەمی هەیە بۆ ئەو شتانەی كە تائێستا تەواونەكراون، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەیگرێتەوە**

مەسەلانە ئەولەویەتی بەرنامەکەی دەبێت و کاری لەسەردەکات.

*** ئێوە وەك پرۆفیسۆرێك لەبواری کاری ئابوری و حکومڕانی، ئایا بەڕای ئێوە جەنابی سەرۆك چۆن دەتوانێت ئەم بەرنامەیە جێبەجی بکات و چۆن دەتوانێت بەردەوام ئاگاداری نەهامەتیەکانی گەلەکەی بێت، چۆن دەتوانێت مەرجەعی هەموو گەلی کوردستان بێت نەك تەنها پارتی دیموکراتی کوردستان، چۆن دەتوانێت لەئاستی ئەو متمانەیەدابێت کە گەلی کوردستان پێی بەخشیوە؟**

- ئەم پرسیارە زۆر زۆر لەشوێنی خۆیەتی و لەگەڵ جەنابی کاك مسعودیش باسمکرد، گوتم ئەم هەڵبژاردنە تازەیە چەند پەیامێکی تازەی پێداین. وەك:

أ- یەکێك لەو پەیامە تازانە ئەوەیە کە گەل پێویستی بەخزمەتگوزاری راستەقینە هەیە.

ب- گەل پێویستی بەوەیە پرۆژەی بۆ بکرێتەوە، کارگە و بەرهەمهێنان.

ت- پارەی حزبایەتی بۆ هەندێك لەکەسە حزبییەکان سوودی نەگەیاندووە.

جەنابی سەرۆك لەسەر ئەم مەسەلانە موتەفیقە، بۆیە پرسیار ئەوەیە چۆن کار بۆ ئەم مەسەلانە بکات؟ لەوەڵامدا دەڵێم:

١-پێویستە لەڕێگەی تەکنەلۆژیای گەیاندنی سەردەمەوە تەفاعولێکی کاریگەر لەگەڵ گەلی خۆی بکات، هەروەك چۆن سەرۆکەکانی دەوڵەت دیموکراتییەکان توانیویانە ئەو کارەبکەن.

٢-هاریکاربێت بۆئەوەی پەرلەمانەکەمان پەرلەمانێکی ئەکتیڤ بێت تاکو بتوانێت لەوەزیرەکان بپرسێتەوە و بانگیان بکاتە بەردەمی پەرلەمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. پاشان کار لەسەر وەڵامەکان بکرێت، ئەمەش یەکێکە لەگرنگترین کارەکانی پەرلەمان کە چاودێریکردنە بۆئەوەی بزانرێت کێ ئیش دەکات و کێ ئیش ناکات.

٣-سەردانەکانی سەرۆك بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بەڕای من وا باشە ساڵانە چەند سەردانێکی مەیدانی بۆ هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بکات.

٤-نزیکردنەوەی پیاوی بێلایەن، ئەوانەی بەرژەوەندیان نییە، من خوانەخواستە ناڵێم ئەوانەی لەحزبەکاندا کاردەکەن پیاوی خراپن، بەڵام بۆ جەنابی سەرۆك وا باشترە پیاوی بێلایەن لەدەوری بێت کە هیچ بەرژەوەندیەکیان نییە. هەروەك عەرەب دەڵێت: (المصلحە تعمی) واتە بەرژەوەندی پیاو کوێر دەکات، بۆیە ئەگەر من بەرژەوەندیم لەگەڵ کەسێکدا هەبێت ئەو بەرژەوەندیە کوێرم دەکات و لە هەقیقەت دوورمدەخاتەوە. بەڵام ئەگەر بەرژەوەندیم نەبوو بەرچاوم فراوان دەبێت و مەسەلەکان وەك خۆی دەبینم.

٤- من کە شارەزایم لەسەر ئەمریکا هەیە و بەردەوام بۆ موحازەرە لە سەنتەر و پەیمانگاکانیان دەوات دەکرێم، لەوێ چەند سەنتەرێکی ستراتیژی هەیە، ئەو سەنتەرانە بەردەوام کاریان ئەوەیە دیراسەت لەسەر سەرۆك و حکومەتی خۆیان دەکەن، من جارێکیان لەگەڵ د. عەبدلحەمید جاکسوب لەگەڵ یەکێك لەو سەنتەرانە دانیشتم، دەیانگووت ئەم سەنتەرە دیراساتی خۆی بەبەرداوامی لەسەر کێشەکانی وڵات ئەنجامدەدات، بەڵام خولاصەی ئەو دیراسەتە پێشکەشی سەرۆك دەکەن، بۆیە حەزدەکەم چەند سەنتەرێکی واش بۆ جەنابی کاك مسعود هەبێت وەك (سەنتەرێکی ستراتیژی، سەنتەرێکی دیراساتی ئابووری، سەنتەرێکی دیراساتی سیاسیی) بۆئەوەی بەبەردەوامی دیراسەتی بارودۆخی کوردستانی بۆبکەن، پاشان خولاصەی ئەو دیراسەتە بۆ جەنابی سەرۆك بنێرن. هەروەها پاش ئەمانە پێویستە سەنتەرێك هەبێت وەك سەنتەری گالوب کە کاری ئەوەیە راپرسی دەکات و رای خەڵك وەردەگرێت لەسەر هەنگاوەکانی سەرۆك و سەرکەتنەکانی حکومەت، دیارە دەبێت ئەم سەنتەرانە لەلایەن خەڵکانی تایبەتمەندەوە نەك حزبی (لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ حزبەکان) سەرپەرشتی بکرێن.

٥- وەك لەهەموو دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا هەیە، من وای دەبینم جەنابی سەرۆك نووسینگەیەکی تایبەتی هەبێت بۆ وەرگرتنی گازندەی خەڵك بەشێوەیەکی راستەوخۆ، بەعەرەبی پێیدەڵین (دیوان المظالم)، واتە ئەم نووسینگەیە کاری ئەوە دەبێت ئەوەی هەستدەکات زوڵمی لێکراوە هەوڵبدا زوڵمەکە لەسەری سووك بکات، مەرج نییە گازندەکەی تەواو راست بێت، بەڵام دەبێت دیراسەت بکرێت.

من لێرەدا نموونەیەکی کاتی هەڵبژاردنەکان باسدەکەم، لەکاتی هەڵبژاردنەکان ئاگاداری بووم، زۆربەی سیاسەتمەدارەکانی لایەنە جیاوازەکان، گەشبینیەکی زۆریان هەبوو، ئەمە نیشانەی ئەوەیە دیراسەی رای خەڵك نەکراوەو ئەو گەشبینییە بەس مەزندە بووە و هیچی تر، لایەن هەبوو پێیوابوو ٥٠ کورسی پەرلەمان دەهێنێت، کەچی زۆر لەو رێژەیە کەمتری هێنا، بەڵام لەجیهاندا کە لەسەر بنەمای دیراسەتی رای خەڵك مەزندەکان بونیاد دەنرێن هەر بۆنموونە دەڵێن ئۆباما ئەوەندە دەنگ دەهێنێت، دەبینین رێژەی هەڵە زۆر زۆر کەمە، ئەو رێژەیە بەنزیکی دەهێنێت کە مەزندەی بۆ کراوە، بەڵام من زۆرکەسم لەلایەنە جیاوازەکان دەبینی خۆی زۆر گەشبین پیشاندەدا، بۆ نموونە ئەوەی بەتەمابوو ٥٠ کورسی بهێنێت دەبینین ٢٠ کورسی هێناوە، یان بەتەمابووە ٣٠ کورسی بهێنیت ١٠ کورسی هێناوە، هۆکاری ئەمە چییە؟ بێگومان هۆکارەکەی ئەو ٣ مەسەلەیە کە باسمانکرد، نەبوونی دیراسەتی رای خەڵك و نەبوونی دیراساتی ستراتیژی جۆراوجۆرە، ئەمانە هەمووی تەواوکاری کاری سەرۆکایەتین پێویستە ئیمەش هەمان بێت.

٦- خاڵێکی دیکە بوونی ستافی راوێژکارانە، بەتایبەتی راوێژکارانی یاسایی، لەبەرئەوەی جاری وا هەیە بەیەك وشە تەنانەت بەیەك پیت کێشەیەکت لەدەستدەردەچێت، بۆ نموونە کێشەی عەرەب لەگەڵ جوولەکە لەدوای شەڕی ١٩٦٧ تەنها یەك پیتە ئەو یش ( زە-the)یە، خۆی پیویست بوو لەبڕیاری نەتەوەیەگرتوەکان بەعەرەبی بنووسرایە (الانسحاب من الاراضی العربیە المحتلە) ئەمە واتە (جمیع الاراضی

**ژاپۆن لەژێر سفرەوە دەستی پێکرد پلانێکی ٥٠ ساڵەی دارشت و دابەشیکرد بەسەر چەند قۆناخێکەوە، گەیشتە ئەو پلەی ئێستا دەیبینین**

**بۆ جەنابی سەرۆک وا باشترە پیاوی بێلایەن لەدەوری بێت کە هیچ بەرژەوەندیەکیان نییە. هەروەک عەرەب دەڵێت: (المصلحە تعمی) واتە بەرژەوەندی پیاو کوێر دەکات**

العربیە المحتلە)، بە ئینگلیزی دەبووایە بنوسرایە(The land) بەڵام ئەو (The)یە لابراوە، ئەمەش واتە (انسحاب من اراضی محتلە) کەواتە ئیسرائیل بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەگەر لەیەك بست لەخاکی عەرەب بکشێتەوە مانای وایە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی جێبەجێ کردووە، لەم ڕووە ئیسرائیل هەرگیز ناکەوێتە ژێر فەسڵی حەوتەمی میساقی نەتەوەیەکگرتوەکان، کە فەسڵێکی ئیلزامیە، هەربۆیە زۆر خەڵك دەپرسێت بۆچی ئیسرائیل زیاتر لە ٣٠٠ بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکانی پێشێلکردووە بەڵام نەکەوتۆتە ژێر فەسڵی حەوتەمی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان؟ بێگومان ڕاستییەکەی ئەوەیە لەبنەڕەتدا بەوشێوەیەی کە بڕیارەکە داڕێژراوە ئیسرائیل هیچ بڕیارێکی پێشێل نەکردووە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کێشەکە چارەسەرنەکراوە، با ئێمە لەوە گەڕێین، مەبەست لەگرنگی ئەو پیتەیە، ئەگەر عەرەب هۆشیاربوونایە بۆ ئەوە، لەسەر ئەو بڕیارە ڕازی نەدەبوون، بەڵام تێنەگەیشتبوون، بۆ ئێستای ئێمەش دەڵێین ئەو ماددە دەستوورییە دوادەکەوێت، دەبێت بپرسین ئایا دواکەوتنەکەی ڕەتکردنەوەی (الغاء)ی ماددە دەستوریەکەیە؟ هەر بۆنموونە مادەی ١٤٠ ئەگەر دواکەوتنەکەی نەبێت بەڕەتکردنەوە کێشەمان نییە، بەڵام ئەگەر ڕاوێژکارە یاساییەکان گووتیان دواکەوتنەکەی دەبێتە ڕەتکردنەوە، ئەوا ئەوکاتە مەسەلەکە دەبێتە مەسەلەی مردن و ژیان، بۆیە ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەو کەسەی بیەوێت حکومڕانی وڵاتێك بەسەرکەوتوویی بکات. من موجامەلەی جەنابی کاک مسعود بارزانی ناکەم، بەڵام کاك مسعود بارزانی وەکو شەخص ئامادەباشی بۆ هەموو کارێکی خێر تێدایە، بۆیە پێویستە هەموومان یارمەتی بدەین بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکەی.

*** لەدوای کۆچی دوایی مەلامستەفا بارزانیەوە، پارتە سیاسییەکان بێ مەرجەع بوون، واتە شوێنێك نەبووە هەموویان لەناو بازنەیەکی سەوابتی نیشتمانی کۆبکاتەوە، ئێستا بارودۆخێکی نوێیە، لەبەرئەوەی یەکەمجارە سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، لەخولی یەکەمدا کە پەرلەمان بەڕێز مسعود بارزانی بۆ سەرۆك هەڵبژارد، ئەوەبوو ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان دامەزرا، ئایا بەڕای تۆ ئەم ئەنجوومەنە بەسە، یان بەڕای تۆ چۆن بەڕێز مسعود بارزانی هەنگاوی زیاتر هەڵبگرێت؟**

- من پێمولیە هەردوو سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی پێکەوە دەتوانن ئەو کارەبکەن، ئاساییە سەرۆکێك هەبێ، ئاسایشە سەرۆکایەتی هاوبەش بێت، یان سەرۆکێك هەبێت ئەوی دیکەیان هاریکار و پشتگیری بێت، لەهەقیقەتدا ئەمجارە مام جەلال، پاڵپشتێکی زۆر گەورە بوو بۆ ئەم مەسەلەیە، بۆیە زۆر پێویستە بەردەوام هاوکاری لەنێوان جەنابی کاك مسعود و جەنابی مام جەلالدا هەبێت. هەروەها لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەشدا، بەبێئەوەی خوانەخواستە ئێستاهانە بەهیچ لایەنێك بکەین، لەبەرئەوەی سەرکردایەتییەکی هاوبەش هەبێت، دوای ئەمە بۆ ڕەمزی کورد گەلی کورد خۆی دەزانێت کێ بۆ ڕەمزی کورد دەستنیشاندەکات.

ئەگەر بپرسین ئایا ڕەمزی کورد و



من وای دەبینم جەنابی سەرۆك نووسینگەیەکی تایبەتی هەبێت بۆ وەرگرتنی گازندەی خەڵك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەعەرەبی پێیدەڵێن (دیوان المظالم)

ئێمە وەك ڕێکخراوی ڕابیتەی ئیسلامی هیچ پەیوەندییەکمان بەهیچ لایەنێکی سیاسییەوە نییە، ڕێکخراوێکی خەیری بێلایەنین، هەتا ئێستا زیاتر لە ١٠٠٠ پرۆژەمان لەکوردستان ئەنجامداوە

**بۆ قۆناخی ئێستا با ئۆپۆزسیونێکی رێکوپێك و جوان هەبێت، هەرچی بۆ سوودی کورد گرنگە با مەرج بێت بۆ ئەو ئۆپۆزسیۆنە**

کوردایەتی چۆن دیاری دەکرێت؟ بێگومان بەخەبات و سەرکەوتنەکانی، من پێموایە ئەگەر ماوەیەکی کەم بەم هاوبەشییە کارەکان بەڕێوەبەرن زۆر بەئاسانی دەردەکەوێت گەلی کوردستان کێ بۆ رەمزی کورد دەستنیشاندەکات. بەڵام بەلایەنی سیاسییەوە لەوانەیە بەقۆناخ بێت، لەبەرئەوەی جیاوازی هەیە لەنێوان سەرۆك وەك سەرۆك، هەروەها سەرۆك وەك رەمز. سەرۆك ئەوە هەڵبژاردن دیاریدەکات بۆ ٤-٥ ساڵ، بەڵام رەمز گەل دەستنیشانی دەکات، ئەمەیان ماوەیەکی دەوێت، بۆئەوەی واقیعییانە بین، من پێموایە ئەگەر کەسێك هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکی کوردستان مانای وا نییە دەسنیشانکراوە بۆ رەمزی کوردستان، لەبەرئەوەی ئەوەی هەڵبژێردراوە بۆ ماوەیەك سەرۆکی کوردستانە، بەڵام رەمزی کوردستان، دەبێت ماوەیەك رابوەستین بزانین چی دەکات. ئێستا ئەم هەلە لەبەردەمی جەنابی کاك مسعود و مام جەلال و لایەنەکانی دیکە هەیە بابزانین چی دەکەن. گەلی کورد زۆر هۆشیار و ئاگادارە، من لەو باوەڕەدام دەتوانێت حکومی خۆشی بدات، بۆیە پێویستە ئێمە دەرفەت بەگەلی کورد بدەین خۆی رەمزی خۆی دەستنیشان بکات، الحمدلله ئەوە گەلی کوردستان سەرۆکی خۆی هەڵبژاردووە، بەڵام بۆ رەمزی خۆیشی دیسان دەتوانێت بڕیاری خۆی بدات.

**ئەگەر لایەنەکان بەلیستی جیاوازیش چوونە ناو ئەو هەڵبژاردنە، پێویستە لەدواجاردا هەموو بەیەک بەرە بچنە ناو پەرلەمانی عێراق، چونکە ئەگەر وانەکەین سەرۆکایەتی کۆمارمان لەکیس دەچێت**

*** لەگەڵ ئەوەی بەپێی ئەوکاتەی بۆ ئەم دیمانەیە لەسەر رێککەوتووین، کاتم کەم ماوە، بەڵام پرسیارێك هەیە حەزدەکەم لەجەنابت بکەین، زۆرکەس وادەزانێت رابیتەی ئیسلامی واتە یەکگرتووی ئیسلامی، پرسیاری من ئەوەیە ئایا ئێوە جیاوازن لەیەکگرتووی ئیسلامی، یان یەك رێکخراون و ٢ ناوتان هەیە؟**

- رابیتەی ئیسلامی کوردی، رێکخراوێکی خێرخوازییە، لەپێشدا رێکخراوێکی سیاسی گشتی بووە، لەساڵی ١٩٨٨ کە رابیتەی ئیسلامی دامەزرا، لەدەرەوە بەرگریمان لەکێشەی کورد دەکرد، لەساڵی ١٩٨٩ کۆنگرەیەکمان رێکخست، هەتا نوێنەری جەنابی کاك مسعود بارزانی و مام جەلال لەو کاتەدا ئامادەبوو، برایم ئەحمەد ئامادەبوو، گروپێکی زۆر لەو کۆنگرەیە ئامادەبوون، لەو کۆنگرەیەدا کە بەسەرپەرشتی من بوو ئیقراری فیدراڵیەتمان کرد، پاشان دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٩١ کوردستان الحمدلله ئازاد بوو، ئێمە هاتینە ناو کوردستان تائێستا کاری خێریمان کردووە، ئێمە وەك رێکخراوی رابیتەی ئیسلامی هیچ پەیوەندییەکمان بەهیچ لایەنێکی سیاسییەوە نییە، وەك شەخس، ئەو کەسە یەکگرتووە، بزوتنەوەیە، پارتییە ..هتد، ئەوە کارێکی ئاساییە پەیوەندی شەخسیمان هەبێت، بەڵام وەك رێکخراوی رابیتەی ئیسلامی، رێکخراوێکی خەیری بێلایەنین، هەتا ئێستا زیاتر لە ١٠٠٠ پرۆژەمان لەکوردستان ئەنجامداوە، چ وەك نەخۆشخانەی دهۆك (نەخۆشخانەی هێڤی بۆ زارۆکان) ئێمە دروستمانکردووەو کەلوپەلیشمان بۆ دابینکردووە، چەندەها مزگەوتمان دروستکردووە، وەك مزگەوتی سەواف و ام المؤمنین، هەروەها یارمەتی نازداران (هەتیوان) نزیکەی ١٢٠٠٠ نازدارمان بەخێودەکرد، ئێستاش ١١ هەزار هەتیو ساڵانە بەخێودەکەین. لەم هەڵبژاردنەشدا ئیسپات بوو، من خۆم لێرەبووم، ئەگەر بچوومایە لایەندارێم بۆ هەرلایەك بکردایە رەنگە کاریگەری هەبووایە، بەڵام بەهیچ جۆرێك پڕوپاگەندەم بۆ هیچ لایەك نەکردووە، هەڵوێستی من ئەوە پەیامەبووە کە رامگەیاندووە، بۆیە ئێمە وەك رێکخراوێك هەقمان بەسەر هیچ لایەنێکەوە نییە.

*** ئەگەر باسێکی زانکۆی قەرەداخیشمان بۆ بکەیت، بۆ ئەم زانکۆیەت لە قەرەداخ کردەوە؟**

- دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن قۆناخێکی نوێ لەکوردستان دروستبوو، هەستمانکرد دامەزراندنی زانکۆیەك بۆ پێشکەوتنی گەلی کورد شتێکی زۆر پێویستە، سەرەتا ویستمان لەهەولێر ئەو زانکۆیە بکەینەوە، بەڵام رێکنەکەوت، ویستمان لە سلێمانی بیکەینەوە دیسان هەر رێکنەکەوت، بۆیە دوایین جار لەقەرەداخ شوێنیان بۆ دیاریکردین و کردمانەوە.

لەسەر فەرمانی خاوەن رێز مام جەلال تاڵەبانی، ئینجا بەرێز کاك نێچیرڤان و بەرێز کاك عومەر فەتاح رەزامەندی فەرمیان لەسەر کرد، بەپێی یاسا دەتوانین بۆ داهاتوو بەشەکان بکەینەوە لە شوێنی تردا، زانکۆکە لەسەر یستەمی (ترست) دەڕوات یانی زانکۆیەکی وەبەرهێنانی نییە بەڵکو هەر پارەیەکە وەربگرێت یان بچێتە ناویەوە دەبێتە موڵکی زانکۆکە، ئێمە یەك فلسی لێ وەرناگرین، بەڵکو هەرچی پارەشمان خستۆتە ناوی هەر بۆ پێشخستنی زانکۆکە دەبێت کەوابوو ئەم زانکۆیە شتێکی تایبەتە بۆ خزمەتی کوردستانە نەك بۆ پارە پەیداکردن.

*** ئەو هۆکارانە چیبوون کە نەتانتوانی لەهەولێرو سلێمانی ئەو زانکۆیە بکەنەوە؟**

- بەراستی من بەشەخسی نازانم هۆکارەکەی چی بوو، بەڵام بەمەزندەی من لەوکاتەدا وەزارەتەکان خەریکی یەکگرتنەوە بوون، ئیدی نەیاندەزانی ئەم زانکۆیە سەر بەکام وەزارەت دەبێ، ماوەیەك بەوجۆرە ماینەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسلێمانی پێیانگوتین ئێمە دەسەڵاتمان نییە، لەبەرئەوەی دەبینەوە بەیەك وەزارەت الحمدلله، کە گەیشتینەوە ئێرە (هەولێر) رەزامەندیان بۆکردین، پاشان لەقەرەداخ کردمانەوە، ئینشاڵڵا ئێستا بەتەماین لق و بەش لەشوێنەکانی دیکەش بکەینەوە، بەراستیش جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا قسوری نەکردووە لەگەڵماندا، زۆر سوپاسی جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانیش دەکەم، لەبەرئەوەی خزمەتێکی زۆری زانکۆی قەرەداخی کردووە، بێگومان رەزامەندی بنەڕەتی جەنابی مام جەلال بوێکردین، پاشانیش جەنابی کاك نێچیرڤان زۆر هاوکاری کردین، ئێستاش یارمەتیدانیان هەر بەردەوامە.

*** ئێمە پرسیارمان زۆرماوە بەڵام تۆ مەوعیدی دیکەت هەیە، بۆیە ئەگەر بتەوێت لەچەند خولەکێکدا شتێك مابێت بیڵێیت؟**

- دوا وتەی من ئەوەیە کە دەڵێم، بۆ

# دوای هەڵبژاردن
# نۆرەی دەستبەکاربوونی پەرلەمانە



سامی شۆڕش
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

دوای تەواو بوونی پرۆسەی هەڵبژاردن بەهەموو قۆناخە جیاکانی، هەڵمەت و بانگەشە و دەنگدان و ئاشکرا کردنی ئەنجامەکان و تاوتوێ کردنی یاساییەکانی هەر ئیعتیرازو شکاتێك لەئارادایە، ئیتر گرنگترین هەنگاوی داهاتووی کوردستان سازدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان و سوێندخواردنی یاسایی جەنابی سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی و دەستپێکردنی کارەکانی پەرلەمانی تازەیە. بێگومان بەشێك لەو کارانە رەنگە بەئاسانی بەڕێوە بچن، بەڵام هەندێکی تریان بینەو بردەیەکی کورتی تێبکەوێت.

ئینجا، دوای بەڕێوەچوونی ئەم کارانەی پەرلەمان، مەسەلەی تەکلیفکردنی لیستی کوردستانی دێتە پێشەوە بەدامەزراندنی حکومەتی تازە. مەعلومە، لیستی کوردستانی زۆرترین دەنگی دەنگدەرانی بە دەست هێناوەو لە رووی یاساییەوە مافی خۆیەتی حکومەت دابمەزرێنێت. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا ئەولویەتێکی زۆر گرنگ پێکدەهێنێت، مەسەلەی کۆکردنەوەی پەرلەمانی تازەو دەست پێکردنی یەکەم دانیشتن و دابەشکردنی کارەکانیەتی.

وەك مەعلوومە، پەرلەمان گرنگترین دەزگای دیموکراسی پێکدەهێنێت لەهەر وڵاتێکدا. بەبێ خستنە سەر پێی ئەو دەزگایە و بەبێ ئەکتیڤکردنی رۆڵە یاساییەکەی لەناو بونیادی دەوڵەتدا، مەحاڵە پرۆسەی دیموکراسی لەهیچ وڵاتێکدا بتوانێت هەنگاوەکانی بەشێوەیەکی گونجاوو رێك و پێك بەرەو پێشەوە بهاوێژێت. زۆرینەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بەهۆی ئەوەی کولتوورو داب و نەریتێکی ریشەداریان نییە لەبواری دیموکراسیدا وەك زۆربەی میللەتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، هەمیشە وا سەیری پەرلەمانیان کردوە کە تەنیا رۆڵی چاودێر دەگێڕێت و لەگەندەڵیە ئیداری یان داراییەکان دەپرسێتەوەو ئاشکرایان دەکات. بە داخەوە، خەریکە ئەم دابونەریتە نەخۆشەش لە بەغدا وەردەگرین دوای ئەوەی دەیان دابونەریت و نەخۆشیمان لێی وەرگرت چ لەمەیدانی سیاسی و چ لە مەیدانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی.

هەندێك لەناوەندە رۆشنبیری و سیاسیەکانی کوردستان وا لە ئەرکی پەرلەمان دەڕوانن و وا دەزانن گەورەترین و سەرکەوتووترین پەرلەمان ئەو پەرلەمانەیە کە هاتوهاوارو کورسی وەشاندن و تۆمەت بەشینەوەو خۆ خەریك کردن بە گەندەڵی و ساغ کردنەوەی حیسابە سیاسیەکان گرنگترین کارو بەرنامەی پێك دەهێنن. ئەمە، لە کاتێکدا ئەرکەکانی پەرلەمان، بە تایبەتی لە قۆناغە سەخت و زەحمەتەکانی کۆمەڵگادا، زۆر لەوە گەورەترن و کاریگەرترن و چارەنووسسازترن.

راستە، یەك لەئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان لە وڵاتاندا چاودێری کردنە. بەڵام لە هەمان کاتدا پەرلەمان گرنگترین دەسەڵاتی دارشتن و تاووتوێ کردن و ئیقرار کردنی یاساکانی بەڕێەچوونی کیانی سیاسی و کۆمەڵگایە. لە هەمان کاتدا قەوارە یاساییەکەی هەر رێککەوتننامەو پەیوەندی و پرۆسەی سیاسی و ئابووری و سەربازیە. ئینجا، رێکخەرە یاساییی و دەستووریەکەی ژیانی سیاسی و ئابووری و دارایی وڵاتانیشە. لە هەندێك وڵاتی پێشکەوتوودا، بە تایبەتی لە رۆژئاوا، بڕیاری شەڕو ئاشتیشی لە دەستە. پەرلەمان زۆر لەوە گەورەترە جێگە بکاتەوە بۆ ساغ کردنەوەی ناکۆکیە سیاسیەکان، یان بۆ تۆمەتبار کردنی یەکتری بە گەندەڵی، یان سووك کردنی ئەزمونی دیموکراسی بە تانەو تەشەری سیاسی و غەیرە سیاسی.

بۆ نموونە، لە ئەمریکا هیچ بوارێك نیە، چ سیاسەتی دەرەوە و چ هی ناوەوە. چ دارایی و چ سیاسی، چ شەڕو چ ئاشتی، چ حکومی و چ قەزایی و سیاسی، فلتەرە سەرەکیەکەی پەرلەمان نەبێت. هەر کاتێکیش کێشەیەك بێتە پێشەوە، بە تایبەتی لە بارەی گەندەڵی و کەموکورتیی یەك لە دەزگاکانی دەوڵەت، ئەوا لیژنەی پسپۆر لە ناو پەرلەمان دادەمەزرێت و زۆر بە بێ لایەنی و بێ هاتوهوریا لەو گەندەڵی و کەموکورتیە دەکۆڵرێتەوە بێ ئەوەی زیان بە یەکگرتوویی و پێگەی یاسایی پەرلەمان بگات. بۆیە، دڵی گەورەو پڕ خوریەو زیندووی دەوڵەت هەمیشە پەرلەمان بووە. پەرلەمان دەربڕی ئیرادەی خەڵکە لە هەموو وردو درشتەکاندا.

لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆی کوردستان، بە هەمان شێوە پەرلەمان نەك تەنیا یەك لە دەزگا گرنگەکانە، بەڵکو دەسکەوتێکی ئێجگار بایەخداری کوردستانیشە. لاواز کردنی پەرلەمان و

تەگەرە هێنانە ڕێگەی، یان هەوڵدان بۆ لە ڕێ دەرکردنی ئەرکەکانی، گەورەترین زیان بە دەستکەوتە نەتەوەییەکان دەگەیەنێت و تەواوی بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی میللەت دەخاتە بەردەم خەتەری لاواز بوون و لە ناوچوونەوە. بۆیە، لە دوای تەواو بوونی قۆناغی هەڵبژاردن، بە بێ گرێ و کێشەی گەورە، هەق وایە بە هەموو لایەك دەست بە گەشەپێدان و بەهێز کردنی ڕۆڵی پەرلەمان بکەین و ڕێگە نەدەین لەم قۆناغە هەستیارەدا ئەم دەزگا گرنگە تووشی هیچ قەیرانێك و کێشەیەکی ناوخۆ بێت. یان ماوە یاساییەکانی تووشی شێواندن بێت و دەرفەت بۆ دوژمنان بێتە پێشەوە شك و گومان بخەنە سەر ڕەوایی پڕۆسەکەمان.

بگرە لەوەش زۆرتر، ئەگەر هەر جیاوازیەك لە تێڕوانین بێتە پێشەوە، بە تایبەتی لە بواری تەکنیکیی پەرلەمان، ئەوا پێویستە هێزە سیاسیەکان، لە باتی ئەوەی هەوڵ بدەن بەر لە دەست بەکار بوونی پەرلەمان و دابەش کردنی پۆستەکانی، چارەسەریان بکەین، پێویستە بە گیانی مەسئولیەت، هەوڵ بدەن ئەو جیاوازیانە بۆ دوای یەکەم دانیشتنی پەرلەمان و دوای دابەش کردنی پۆستەکان و دوای دامەزرانی حکومەت هەڵیان بگرن. پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت، کە هەر سەرکەوتنێك لە سەرەتای دەست بە کار بوونی پەرلەمانی کوردستان بە دەستی بهێنین، ڕێگەمان لەبەردەمدا تەخت دەکات بۆ ئەوەی لە قۆناغەکانی دیکەشدا سەرکەوتووانە هەموو کێشەو جیاوازیەکانی نێوانمان چارەسەر بکەین. بەڵام ئەگەر لەو سەرەتایەدا تووشی کێشە ببین ئەوا، دوور نیە، نەك تەنیا خۆمان زەرەر بکەین، بەڵکو تەواوی پڕۆسە سیاسیەکەشمان تووشی کێشە و تەگەرەی گەورە بێت. پێویستە لەو بوارەدا ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە سێبەری سەرۆکایەتیی جەنابی بارزانی هەمیشە زامنی ئەوە بووەو ئێستاش زامنی ئەوەیە هەموومان بگرێتە خۆی و یارمەتیدەرمان بێت لە چارەسەر کردنی کێشەکان و نزیك کردنەوەی ڕاو بۆچوونەکانمان و تەخت کردنی کەندو کۆسپەکانی ڕێگە.

بێگومان هەر لیستەو سەربەستە لەوەی چۆن بەرنامەکانی لە ناو پەرلەماندا بەڕێوە دەبات. بەڵام ئەو سەربەستیە پێویستە سنووردار بێت بە یاساو وامان لێ نەکات کە وەك چۆن لە پەرلەمانە لیبراڵەکانی جیهان دەجولێنەوە، لێرەش بە هەمان شێوە ئێمە بجولێینەوە. گەورەترین جیاوازی لە نێوان تاقی کردنەوەکەی ئێمەو تاقی کردنەوەی ئەوان لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە ئێمە هێشتا لە قۆناغی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی مەترسیەکان داین، هێشتا ئەزمونەکەمان بە تەواوی خۆی نەگرتووە، هێشتا مەترسیی زۆری دەرەوەمان لەسەرە، هێشتا لە بارێکی زۆر نالەبار دەژین بە دەست سیاسەتەکانی ئەمڕۆی عیراق و سیاسەتی دەوڵەتانی دەورووپشتەوە. هێشتا ئەمریکا سیاسەتێکی ڕوونی لە بارەی مەسەلەی کوردەوە نیە. هێشتا بە دەست ڕابردوویێکی تفت و تاڵ دەناڵێنین. هێشتا ئاسەواری سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشووی عیراق و ئاسەواری شەڕی لەناو بردنی کورد بە جەستەو ڕووحمانەوە دیارە، هێشتا مەترسی زۆرە بەسەر تاك تاکەمان و بەسەر هەموومان.

ئەم قسانە بۆ ئەوە نیە بڵێین مەترسیەکانی دەرەوە دەبێت کەموکورتیەکانی ناوەوەمان لە بیر ببنەوە. بەڵام مەعنای ئەوەیە کە کەموکورتیەکانی ناوەوە نابێت ئەوەندە خەریکمان بکەن کە ئیتر چاومان لە ئاست مەترسیەکانی دەرەوە دابخەین. دوژمنان و ناحەزانی کورد، بە تایبەتی لە ناو عیراق و دەورووپشت، بە ئاواتەوەن ئیتر لە سەر شانۆی سیاسەتی بەرگری کردن لە خۆمان چۆك دابدەین و بکشێینەوە دەست لە ڕەوایی ئەزمونەکەمان هەڵبگرین و خۆمان بە کێشەو جیاوازیەکانی ناوەخۆ خەریك بکەین. ئینجا، ئەو ناحەزو دوژمنانە نەك تەنیا بە ئاواتەوەن، بگرە کارێکی زۆریش دەکەن بۆ ئەوەی ناچارمان بکەن لە بەر پێی خۆمان زیاتر نەبینین و لەوە زۆرتر تەماشا نەکەین. بەڵام حەقیقەتی پڕۆسەکەمان کە گەیشتۆتە قۆناغێکی گرنگ و گەشەدار، پێویستیی بەوە هەیە تەوازونێکی داهێنەرانە لە نێوان بەرژەوەندیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان بکەین. نە چاو لە ئاست کەموکورتیەکانی ناوەخۆ داپۆشین و نە چاو لە مەترسیەکانی دەرەوە داپۆشین. ئەمەش تەنیا بە تەبایی و ڕێککەوتنی ئیجابیی نێوانمان پێك دێت. بەوە پێك دێت کە بە یەك ئیرادەو دەنگ و کۆشش، پەرلەمان بخەینە سەر پێ و حکومەت دابمەزرێنین و درێژە بە پڕۆسە دیموکراسیە سەرکەوتووەکەمان بدەین. لە هەمان کاتیشدا جیاوازیەکانمان بهێڵینەوەو کاریان لەسەر بکەین لە پێناو دەوڵەمەندتر کردنی ئەزمونی دیموکراسی لە کوردستان.

لە هەموو ئەزمونە پەرلەمانیەکانی جیهان، قۆناغی هەڵبژاردن و هەڵمەتی هەڵبژاردن مەرج و تایبەتمەندیەکی وایان هەیە کە هەموو لایەنەکان ڕێزی لێ دەگرن. بەڵام ئیتر دوای دەرکەوتنی ئەنجامە ڕەسمیەکان، هەر ئەو لایەنانەی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا لە مونافەسەو کێبڕکێ بوون، ڕێز لەو ئەنجامانەش دەگرن و پێکەوە دەکەونە ئیش و باز بەسەر کەلتووری ئەو ماوەیەی هەڵمەت و بانگەشەی هەڵبژاردن دەدەن و لە بیر خۆیانی دەبەنەوە. بێگومان، مەرجی یەکەمی سەرکەوتن لەوەوە دەست پێ دەکات کە بە هەمووان لە قۆناغی هەڵبژاردن دەربچین و واز لە دروشمەکانی ئەو هەڵمەتە بهێنین و بە نەفەسێکی تازە بێینە مەیدانی سیاسی. بیناکردنی وڵات و کۆمەڵگا پڕۆسەیەکی زۆر سەخت و ئاڵۆزو زەحمەتە، قبوڵی دواخستن و ڕاوەستان و درێژەدان بە نەفەسی هەڵمەتی هەڵبژاردن ناکات. هەر وڵاتێك لە ئەنجامی جیاوازیەکانی، پڕۆسەی کاراکردنی پەرلەمانی دوا کەوتبێت، ئەوا لە جیاتی چارەسەر بوونی کێشەو جیاوازیەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانەو سیاسیانەو یاساییانە، درێژە بە ناکۆکی دراوەو دەرگا لەبەردەم ئاڵۆزتر بوونی ئەو جیاوازیانە کراوەتەوە.

دوا هەڵبژاردنی کوردستان سەرکەوتنێکی گەورە بوو، با درێژە بەو سەرکەوتنە بدەین.

## بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران

# جموجۆڵ و هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان و پێگەی کورد لەناویاندا



**فەیسەڵ دەباغ**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

راگەیاندنــــی قەوارەیەکی نوێی ئیئتیلاف بۆ رۆژی ٢٤ی ئەم مانگە دواخرا، هەندێك هۆکاری راگەیاندنی دەگەڕێننەوە بۆ بوونی ناکۆکی لەنێوان حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵا لەسەر شێوەی پێکهاتەکە و دابەشکردنی کورسییەکانی ئەو ئیئتیلافە و هەروەها لەسەر پۆستی سەرۆك وەزیران، حزبی دەعوە پێیوایە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنــی پارێزگاکان سەلماندیان کە قورسـاییەکەی لەگۆڕەپانی سیاسـی عێراقیـدا لەئەنجوومەنـی باڵا زۆرترە، بۆیە پێویسـتە ژمارەی کورسییەکان لەلایەنەکانی دیکە زیاتربێ، ئەگەر زیاتریش نەبێ ئەوا پۆسـتی سـەرۆك وەزیرانی پێ بدرێتـەوە. لەبەرامبـەردا ئەنجوومەنی باڵا پێیوایە کـە ئەو قورسـاییەی حزبی دەعوە لەهەڵبژاردنـی داهاتـووی پەرلەماندا وەك خـۆی نامێنێت و رازیش نییە جارێکی دیکە پۆستی سەرۆك وەزیران بدرێتە حزبی دەعوە.

ئـەوەی بـەوردی سـەیری نەخشـەی هاوپەیمانێتی بکات بۆی بەدیار دەکەوێت کە رەوتی سەدر و رەوتی چاکسازی و رێکخراوی بەدر و بەشـێکی حزبی دەعوە- رێکخستنی عێـراق و هەندێ لایەنی دیکە پشـتگیری لەئەنجوومەنی باڵا دەکەن.

لە بەرامبەردا، لیستەکەی نجێفی لەموسڵ و سەحواتی دیالا و ئەنبار کە سێ پێکهاتەی سونین پشتگیری لەحزبی دەعوە و شەخسی مالیکی دەکەن و هەروەها سەبارەت بەبزوتنەوەی (النهوض الوطنی ) لەسەرۆکایەتی شێخ خالید ئەلیاوەر کە ئەویش پێکهاتەیەکی سـوننیە و گرووپەکەی د. حوسـێن ئەلشەهرسـتانی و باڵەکەی د. خضیر ئەلخوزاعی لەرێکخستنی عێراق کە دوو گروپ و باڵی شیعەن.

بەکورتی ئەگەر بەگوێرەی حەزی مالیکی بێ ئەوا دەیەوێ قەوارەیەکی تایبەت بەخۆیەوە پێکبهێنێ و هەر بەو قەوارەیەش بەشـداری لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بکات.

ئەوەی راسـتی بێ حزبی دەعوە نایەوێ داخیلی ئیئتیلافێك بێت کە فەزیلەی تێدابێ، چونکە ئەو حزبە هەمیشە لەدژی مالیکی بووە، هەروەهـا نایەوێ داخیلی ئیئتیلافێك بێ کە قەوارەی (تضامن) و (المؤتمر الوطني العراق) بەسـەرۆکایەتی ئەحمـەد چەلەبی تێدابێت، چونکـە مالیکی و حزبی دەعـوە پێیانوایە ئەو لایەنانە ئیفلاسیان کردووە و خاوەنی یەك کورسیش نابن لەپەرلەمانی داهاتوودا، کەواتە بۆچی قوربانی بەکورسییەکانی خۆی بدات و بیانداتە لایەنی دیکە، بەتایبەتی مالیکی باش ئەوە دەزانێ کە کوتلەیەکی گەورەی وەك ئەنجوومەنی باڵا لەپاشەکشەدایە، بەتایبەتی لەڕووی جەماوەرییەوە.

پرسـیار ئەوەیە: ئایا حزبی دەعوە دەتوانێ قەوارەیەکی سـەربەخۆ بۆ خۆی پێکبهێنێ و ئەو حەزەی خۆی بێنێتەدی؟

ئێـران لەهەوڵێکـی زۆردایە بـۆ ئەوەی مالیکی و حەکیم لەیـەك بەرەدا کۆبکاتەوە، باشـیش دەزانێ کە ئەنجوومەنی باڵا بەبێ حزبی دەعوە ناتوانێ سـەرکەوتنێکی گەورە بەدەسـتبێنێ و ناشـتوانێ بەتەنیا پۆستی سـەرۆك وەزیران بۆ شـیعە زامن بکات، کە ئەمەش هەمان خەمی سیستانییە کە دەیەوێ بەهەموو شـێوەیەك ئـەو دوو لایەنە لەیەك جیانەبنەوە.

مالیکـی زۆر بایەخ بـەو هەوڵەی ئێران نادات، بەڵام خەمی ئەو فشاری سیستانییە کە ناتوانێ بەبێ رەزامەندی ئەو، لیستەکەی خۆی پێکبێنـێ، بۆیـە وایدەبینین ئەگەر مالیکی لەگەڵ ئیئتیلافە کۆنەکە بمێنێتەوە هەر لەبەر فشـارەکەی سیستانی دەبێ، نەك ئێران، چونکـە مالیکـی ماوەیەکە هەوڵی ئەوە دەدات کە لەژێر کاریگەری ئێران خۆی رزگاربکات.

* ناکۆکییەکانی نێوان مالیکی و حەکیم رۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لەو درزەی کە کەوتە نێو حزبی دەعوە- رێکخستنی عێراق و ببێتە دوو بەش، بەشێکیان بەسەرۆکایەتی عەبدولکەریم ئەلعنزی و ئەویتریان بەسـەرۆکایەتی خضیر ئەلخوزاعی.

ئەوەی یەکەمیان لاگیری لە ئەنجوومەنی بـاڵا دەکات و ئەویتریان لـە مالیکی، هەتا لەمەشـیاندا ئێـران نەیتوانی چارەسـەری کێشەی نێوان ئەو دوو باڵە بکات.

* حزبـی فەزیلـە توانـی خـۆی لەو ناکۆکییانە بپارێزێ و ئێسـتا بەرەیەکی بەناو (عراق النزاهـة والتنمیـة)ی پێکهێناوە بۆ بەشـداریکردن لەهەڵبژاردنی داهاتوودا، ئەم بەرەیەش سـەرەڕای حزبی فەزیلە قەوارەی جامعیون و قـەوارەی ئیصلاحیون و هەندێ کەفائاتی نیشـتمانی و کەسایەتی ئایینی و شێخ عەشیرەتەکانی لەگەڵدایە.

حزبـی فەزیلە پاش ئەوەی هەسـتی کرد لەلایەن حزبی دەعوەوە فەرامۆشکراوە بەهۆی فەشـەلهێنانی لەهەڵبژاردنەکانی ١/٣١ ئەم هەنگاوەی نا و وا تەوەقوع دەکرێ کە ئەگەر حزبی دەعوە رازی نەبێ بێتە ناو ئیئتیلافی نوێوە، لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵا یەك بگرێ.

* هیچ شـتێك نەماوە کە پێی بگوترێ بەرەی تەوافوق، هـەر لایەنێکی ئەو بەرەیە ئـازادە لەبەسـتنی هاوپەیمانێتـی، جا ئەو هاوپەیمانێتیە لەگەڵ کورد بێ یان شیعە.

ئێستا ئەو بەرەیە لەحزبی ئیسلامی و رەوتی (المستقل) بەسەرۆکایەتی رافیع ئەلعیساوی و لیستەکەی د. تاریق ئەلهاشمی پێکهاتووە، ئەمە سـەرەڕای بوونی پەیوەندییەکی نادیار لەگەڵ ئەنجوومەنی حیواری شـێخ خەلەف ئەلعەلەیـان و گرووپـی ئەهـل ئەلعیراق بەسەرۆکایەتی عەدنان ئەلدلیمی.

کەواتە ئەو بەرەیە کە پێشـتر لەسێ لایەن پێکهاتبوو، ئێستا بووەتە پێنج.

هاشـمی دوور لەحزبی ئیسلامی دەیەوێ لیستێك بۆخۆی پێکبهێنێ و تا ئێستا چەند دانیشتنێکی لەگەڵ د. ئەیاد عەلاوی